# بڕگە و پێگەی بزوێن و نەبزوێنەکان لە دروستبوونی بڕگەدا

**تەنکە ئەمیر عومەر**

بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردە
زانکۆی کۆیە
Tanka.amir@koyauniversity.org

**پ.ی.د.عومەر مەحموود کەریم**

بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردە
زانکۆی کۆیە
Omar.mahmood@koyauniversity.org

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی «بڕگە و پێگەی بزوێن و نەبزوێنەکان لە دروستبوونی بڕگەدا»یە. سنووری توێژینەوەکە لە چوارچێوەی دیالێکتی کرمانجیی ناوەڕاستدایە و لەهەر تەوەرەیەکدا نموونەکان لە چوارچێوەی ئاخاوتنی ڕۆژانەی قسەکەرانی ناو ئەم دیالێکتە وەرگیراون. نموونە و بابەتەکان بەپێی ڕێبازی «وەسفی سینکرۆنیک- شیکاری» ڕوون کراونەتەوە. ئامانجی توێژینەوەکە باسکردنی بڕگە و ڕۆڵ و گرنگیی بڕگەیە لە چەند لایەنێکی زماندا، هەروەها خستنەڕووی ڕۆڵی دەنگە بزوێن و نەبزوێنەکانە لە پێکهاتنی بڕگەدایە.

بەگشتی لەم توێژینەوەیەدا، هەوڵ دراوە باس لە بڕگە و قاڵبەکانی دروستبوونی بڕگە لە زمانی کوردی، بە ڕێنووسی کوردی بە هەردوو ئەلفوبێی عەرەبی و لاتینی بکرێت و ڕۆڵی بزوێن و نەبزوێنەکان لە قاڵبەکانی دروستبوونی بڕگەدا بخرێتە ڕوو، هەروەها ڕۆڵی بڕگە لە بنیاتی زمان و ئەدەب و ناوناندا باس کراوە، بەتایبەتییش لە ناونانی مرۆڤدا کە چ ڕۆڵ و کاریگەرییەکی لەم بوارەدا هەیە، لەگەڵ هێنانەوەی نموونە. ئەنجامی توێژینەوەکەش لە چەند خاڵێکدا خراوەتە ڕوو.

کلیلەوشە: فۆنیم، دەنگ، بزوێن، نەبزوێن، بڕگە.

**پێشەکی:**

دەنگسازی یەکێکە لە ئاستەکانی زمان و بەردەوام لێکۆڵینەوە لەو بابەتانە دەکرێت کە دەچنە چوارچێوەی ئەم بوارەوە. لێکۆڵینەوە لە بابەتەکانی دەنگ، فۆنیم، برگە و بابەتگەلێکی تر دەچنە سنووری ئەم باسەوە. برگە و دەنگ سەرەکیترین یەکەی دەنگسازین و بەردەوام لە گۆڕانکاری و نوێبونەوەدان. ئەوەی ئێمە دەمانەوێت لەم توێژینەوەیەدا بیخەینە ڕوو و شی بکەینەوە، پێوەندیی نێوان دەنگ و برگەیە، واتە ڕۆڵی دەنگە بزوێن و نەبزوێنەکان لە دروستبوونی برگە لە زمانی کوردیدا. توێژینەوەکەش بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

ناونیشانی توێژینەوەکە: ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی «برگە و پێگەی بزوێن و نەبزوێنەکان لە دروستبوونی برگەدا»یە.

ڕێبازی توێژینەوەکە: لەم توێژینەوەیەدا، پێڕەوی ڕێبازی «وەسفیی سینکرۆنیک- شیکاری» کراوە.

ئامانجی توێژینەوکە: ڕۆڵی دەنگە بزوێن و نەبزوێنەکان لە دروستبوونی برگە و خستنەڕووی بە فۆنیم بوون و نەبوونی دەنگە کێشەلەسەرەکانی زمانی کوردییە، لەگەڵ ڕۆڵی برگە لە چەند بوارێکی گرنگدا.

سنووری توێژینەوەکە: نموونەکانی ئەم توێژینەوەیە لە سنووری ئاخاوتنی ڕۆژانەی ئەمڕۆی زمانی کوردی- زاری کرمانجیی ناوەڕاست وەرگیراون.

ناوەرۆکی توێژینەوەکە: ناوەرۆکی توێژینەوەکە، پێشەکی و هەشت تەوەرە و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوەکە بە هەرسێ زمانی کوردی، عەرەبی و ئینگلیزی پێک هاتووە، تەوەرەکانیش ئەم بابەتانە لەخۆدەگرن:

تەوەرەی یەکەم، باسکردنە لە فۆنیمەکانی زمانی کوردی و فۆنیمە کێشە لەسەرەکان و بیروڕای جیاوازی زمانەوانان لەسەریان. لە تەوەرەی دوەمیشدا، باس لە برگە کراوە و لە تەوەرەی سێیەمیشدا ڕۆڵ و پێگەی دەنگە بزوێن و نەبزوێنەکان لە درستبوونی برگەدا خراوەتە ڕوو. تەوەرەی چوارەمیش، تایبەتە بە قاڵبەکانی دروستبوونی برگە لە زمانی کوردیدا. لە تەوەرەی پێنجەمیشدا جۆرەکانی برگە باس کراوە. لە تەوەرەی شەشەمدا، باس لە پێوەندیی نیوان برگە و هێز کراوە. هەروەها لە تەوەرەی حەوتەمدا، تایبەتمەندییەکانی برگە لە زمانی کوردیدا خراوەتە ڕوو. لە تەوەرەی هەشتەم و کۆتاییشدا، ڕۆڵ و گرنگیی برگە لە چەند بوارێکی گرنگی زمانەوانیدا، وەکوو لایەنی فۆنۆلۆژی و ئەدەب و ناونانی مرۆڤدا خراوەتە ڕوو.

**١-١/ فۆنیمەکانی زمانی کوردی:**

فۆنیم بچووکترین یەکەی دەنگیی سەربەخۆیە کە جیاوازیی واتایی دروست دەکات. بەڵگەیە بۆ سەلماندنی بوونی ئەو دەنگانە لە زمانێکی تایبەت و دیاریکراودا. ئایا ئەو دەنگە ڕۆڵێکی بنچینەیی هەیە لەو زمانەدا و بوون و نەبوونی چ کاریگەرییەکی دەبێت. دەنگەکانی زمان کە لە سنووری فۆنۆلۆجیدا بە فۆنیم ناو دەبرێن، پێویستە لەسەر بنەمای گۆڕینی واتای وشە جیا بکرێنەوە (عەلی، ٢٠١٥: ٧٨)؛ واتە ئەو دەنگە ئەو کاتە نرخ و بەهای دەبێت لەو زمانەدا، ئەگەر بە گۆڕانی واتای وشەکە بگۆڕێت و وشەی نوێ بە چەمک و واتای نوێوە بەرهەم بهێنێت.

هەموو ئەو زمانانەی لە جیهاندا هەن و مرۆڤ بەکاریان دەهێنێت، خاوەنی کۆمەڵێک فۆنیمی تایبەت بە خۆیان و زمانەکەیان لەسەر بنیات نراوە، هەر زمانێک کۆمەڵێک فۆنیمی هەڵبژاردووە لەو فۆنیمانەی کە هەن. بەپێی ئەوەی کە لەسەرچاوەکاندا هاتووە ژمارەی فۆنیمەکان لەزمانی مرۆڤدا لەنێوان «١١-٦٧» دایە (فتاح،٢٠١١: ١٩). هەر زمانێکیش کۆمەڵێکی لێ هەڵبژاردوون، کە بوونەتە هۆی جیاکردنەوەی زمانەکان لەیەکتر و ناسینەوەیان و بوونی ئەم ژمارە زۆرەی زمان کە هەیە. زمانی کوردییش وەکوو هەر زمانێکی تر، خاوەنی کۆمەڵێک فۆنیمی تایبەت بە خۆیەتی کە لە زمانەکانی تر جیای کردووەتەوە و بووەتە ناسنامەی گەل و نەتەوەیەک.

دیاریکردنی ژمارەی فۆنیمەکانی زمانی کوردی لەلایەن زمانەوان و توێژەرانی بواری زمانەوە، لێکۆڵینەوەی زۆری لەسەر کراوە و تاوەکوو ئێستەیش بەردەوامە و بیروڕایەکی جێگر و دیاریکراو لەسەر ژمارەی فۆنیمەکان نییە،

هــەر لێکۆڵەرێــک بەپێــی ئــەو ســنوور و بارودۆخــەی کــە لێکۆڵینــەوەی کــردووە، ئامــاژەی بــە ژمارەیــەک داوە. ئەمیــش بەپێــی ســەرچاوە مێژووییــەکان و توێژینــەوەکان لەنێــوان (٢٨_٤٥) فۆنیمــە. بــۆ نموونــە تۆفیــق وەهبــی دەڵێــت: «٣٧» فۆنیــم، نــووری عەلــی ئەمیــن «٤٠»، ئەورەحمانــی حاجــی مــارف «٣٩»، لیژنــەی زمــان و زانســتەکانی کــۆڕی زانیاریــی کــورد «٣٥»، ئیبراهیــم ئەمیــن باڵــدار «٣٦»، محەمــەد مەعــرووف فەتــاح «٣٣»، غــازی فاتیــح وەیــس «٣٤»، تالیــب حوســەین عەلــی «٣٧» و عەبدوڵــڵا حوســەین ڕەســوول «٢٨»... (حەمــەد، ٢٠١٦: ٤٤-٤٨).

وریــا عومــەر ئەمیــن دەڵێــت: «فۆنیمەکانــی زمانــی کــوردی ٣٥ فۆنیمــن، بەبــێ دەنگــی ع «. (ئەمیــن، ٢٠٠٩: ٣٦٠)، چونکــە هەندێــک فۆنیــم کێشــەیان لەســەرە و گرفــت هەیــە لــە یەکلابوونەوەیــان و هەژمارکردنیــان وەکــوو فۆنیــم، ئەوانیــش دەنگەکانــی: «ئــع، غ، بزرۆکــە، وو، ی درێــژ»ن.

بەوپێیــەی دیارتریــن مــەرج و پێــوەری فۆنیــم ئەوەیــە کــە واتاگــۆڕ بێــت (فتــاح، ٢٠١١: ٦٧) و وشــەی نــوێ بــە واتــای نوێــوە بەرهــەم بهێنێــت، ئەویــش دەبێــت بــە گۆڕینــی تەنیــا یــەک فۆنیــم بێــت و ئەوانــی تــر وەکــوو خۆیــان بمێنــەوە، ئــەو فۆنیمەشــی کــە دەگــۆڕێ، ئەگــەر واتــای وشــەی گــۆڕی، ئــەوا لــە زمانــی کوردیــدا بــە فۆنیــم هەژمــار دەکرێــت. بــۆ دیاریکــردن و ســەلماندنی فۆنیمەکانی زمانــی کــوردی، پێویســتە لــە فەرهەنگــی وشــەی زمانەکــەدا تاقــی بکرێنــەوە: (عەلــی، ١٩٨٩: ٢٨) واتــە وشــەکان لــە فەرهەنگــدا ســەربەخۆ هەبــن و وشــەی ڕەســەنی زمانــی کــوردی بــن. بــۆ نموونــە: ئەگــەر ســەیری چەنــد وشــەیەکی وەکــوو: «یــار، مــار، شــار، دار، کار، بــار، هــار، جــار، لار...» بکەیــن و بەراوردیــان بکەیــن، دەبینیــن هەریــەک لــە دەنگەکانــی: «ی، م، ش، د، ک، ب، هـ، ج، ل» لــە زمانــی کوردیــدا فۆنیمــن و هیــچ گرفــت و کێشــەیەکیان نییــە.

تایبەتمەندییەکانی فۆنیمیش بریتین لە:

١- ڕاســتیی ســایکۆلۆژی تێــدا بێــت؛ واتــە دەبێــت خاوەنزمــان هەســت بــە بوونــی بــکات. (وەیــس، ١٩٨٣: ٤١)

٢- واتاگۆڕ بێت.

بەپێــی ســەرچاوە و لێکۆڵینــەوە و بیــروڕای زمانەوانــان، فۆنیمەکانــی زمانــی کــوردی بــەم جــۆرەن:

بزوێنەکان: هەشت بزوێنن، ئەوانیش:

بزوێنــە کورتــەکان: /ە، و، **بزرۆکــە**/، نووســینی لاتینــی/**e, u, i** /.

بزوێنــی درێــژەکان: /ا، ۆ، وو، ی، ێ/،نووســینی لاتینــی/**a, o, û, î, ê**/ (مــارف، ١٩٧٦: ٣٠)

تەنیــا دەنگــی «وو»ی درێــژ کێشــەی لەســەرە و گرفتــی هەیــە.

نەبزوێنەکانیش بریتین لە:

**عەرەبــی: /ب، پ، ت، د، ک، گ، ج، چ، ق، ف، س، ز، ش، ژ، خ، هـ، م، ن، ل، ڵ، ر، ڕ، و، ی/.**

لاتینــی: **b, p, t, d, k, g, c, ç, q, f, s, z, Ş, j, x, h, m, n, l, ll, r, rr, w, y**/ /.

نەبزوێنــە کێشەلەســەرەکان: عەرەبــی: **ئــ/ هەمــزە، غ، ح، ع**» لاتینــی: -, -, -, - ؛ واتــە هیــچ وێنــە و هێمایەکیــان بەرانبــەر دانەنــدراوە.

واتــە نەبزوێنــەکان ژمارەیــان ٢٨ (بیســت و هەشــت) فۆنیمــە.

هەرچەنــدە بەپێــی ســەرچاوە و توێژینــەوەکان، ئێســتە لــە ئەلفوبێــی جیهانیــدا، وێنــە بەرانبــەر هەمــوو دەنگــەکان دانــدراوە و لــە توێژینەوەکانــدا کاری لەســەر دەکرێــت، بــەڵام ئێمــە لێــرەدا کار لەســەر نووســینی کــوردی بــە ئەلفوبێــی عەرەبــی و لاتینــی دەکەیــن و بەکاریــان دەهێنیــن، قســەپێکەرانی زمانــی کــوردی، ئــەم دوو ڕێنووســە پێــڕەو دەکــەن، بۆیــە تاڕادەیــەک چەنــد دەنگێکــی کێشــە لەســەرمان هــەر دەمێنێــت.

لێــرەدا بەکورتــی، بەپێــی مەرجەکانــی فۆنیــم، باســی هەریــەک لــە فۆنیمــە کێشەلەســەرەکان دەکەیــن:

ئەگــەر بێــت و بەپێــی مــەرج و پێوەرەکانــی فۆنیــم، فۆنیمەکانــی زمانــی کــوردی دەستنیشــان بکەیــن، ئــەوا دەتوانیــن بڕیــار لەســەر بەفۆنیمبوونــی دەنگەکانــی زمانــی کــوردی بدەیــن و ژمارەیــان دیــاری بکرێــت، ئــەوا کارێکــی هێنــدە گــران نییــە، بــەڵام هــۆی کێشــەکە ئــەو وشــە وەرگیراوانــەن کــە لــە زمانەکانــی تــرەوە هاتوونەتــە نــاو زمانــی

کوردییـەوە و تـا ڕادەیەکـی زۆر بـەکار دێـن، بەمـەش چەنـد دەنگێکـی نامـۆ پەڕیوەتـەوە نـاو زمانـی کـوردی (دزەیـی، ب.س: ٢) و بوونەتــە هــۆی دروســتبوونی ئــەو کێشــە و گرفتانـەی کـە لـە ئێسـتەی زمانـی کوردیـدا هـەن.

**١-١-١/ دەنگـی [ئـ] هەمزە:** دەنگێکی وەستاوی گەرووییـە (جەمیـل، ٢٠١٥: ٩٧) و یەکێکـە لـەو دەنگانـەی کـە لـە زمانـی کوردیـدا بـە ڕێژەیەکـی زۆر بەرچـاو دەکەوێـت و بـەکار دێـت، بـەڵام دانانـی وەکـوو فۆنیـم، بیـروڕای جیـاوازی لەسـەرە و یەکلایـی نەکراوەتـەوە، بـەڵام زۆربـەی زمانەوانـان بـە فۆنیمـی دانانێـن، ئەویـش بەهـۆی نەبوونـی تایبەتمەندییەکانـی فۆنیـم تیایـدا، بەڵکوو تەنیـا لـە ڕێنووسـی کـوردی بـە پیتـی عەرەبـی وێنـەی بـۆ دانـراوە، ئەمـەش ڕۆڵـی دەنگێکـی یاریـدەدەری پـێ بەخشـیوە کـە هەندێـک جـار زاراوەی «هاوەڵبزوێـن» یاخـود «بزوێنهەڵگـر»ی بـۆ بـەکار دێـت، واتـە یارمەتیـی هاتنـی دەنگـە بزوێنـەکان دەدات، چونکـە یەکێـک لـە یاسـا فۆنۆلۆجییەکانـی زمانـی کـوردی ئەوەیـە، بڕگـە بـە دەنگـی بزوێـن دەسـت پـێ نـاکات، بۆیـە هـەر بزوێنێـک بکەوێتـە سـەرەتای وشـە و بڕگـەوە، ئـەوا دەنگێکـی گەروویـی وەسـتاو پێشـی دەکەوێـت، ئـەو دەنگـەش لـە زمانـی عەرەبیـدا پێـی دەگوترێـت «الهمـزة». (فوئـاد، ٢٠٠٠: ١١)، بـۆ نموونـە لـە وشـەکانی: ئاسـۆ، ئـاو، ئێـوارە، ئیـرەم، ئەنجـام، ئۆمـەر،... ئەگـەر بـە پیتـی لاتینـی بنووسرێـن، ئـەوا ئـەو هەمزەیـەی سـەرەتا لا دەچێـت و هیـچ کاریگـەری لەسـەر واتاکـەی نابێـت: Aso, Aw, Êware, Îrem Enjam, Omer. هەروەهـا لـە وشـە لێکدراوەکانـدا، لەوکاتـەی بەبـێ ئامـراز وشـەی لێکـدراو دروسـت دەکەیـن و دەنگـی /ئ/ دەکەوێتـە سـەرەتای بڕگـەی دووەمـەوە، زۆر جـار لەنـاو دەچێـت و هیـچ گرفتێکیـش لـە واتـای وشـەکەدا دروسـت نابێـت و درکاندنـی وشـەکەش ئاسـانتر دەبێـت، وەک:

دەست+ئاو ← دەستاو

سەر+ئەنجام ← سەرەنجام

بە+ ئێرەدا ← بێرەدا

لە + ئێرە ← لێرە

ماڵ+ئاوا ← ماڵاوا

بۆیـە دەکرێـت بڵێیـن، لەگـەڵ ئـەوەی کـە دەنگـی «ئـ» لـە ئاخاوتنـی ڕۆژانـەی ئاخێوەرانـی کـورددا بەڕێژەیەکـی زۆر بەرچـاو دەکەوێـت و لـە ڕێنووسـی کـوردی بـە پیتـی عەرەبـی وێنـەی بۆدانـدراوە، بـەڵام بـە فۆنیـم دانانرێـت و یەکێـک نییـە لـە فۆنیمەکانـی زمانـی کـوردی.

**١-١-٢/ دەنگــی «غ»:** بۆچونــی زۆربــەی زمانەوانــان لەسـەر ئەوەیـە، دەنگـی «غ» فۆنیـم نییـە لەزمانـی کوردیـدا و ئەلۆفۆنــی فۆنیمــی /خ/ە، (دزەیــی، ب.س: ٢٩ )، چونکــە واتـای وشـە ناگۆڕێـت و لەزۆربـەی وشـەکاندا دەنگـی «خ»ە دەگۆڕێـت بـە دەنگـی «غ». بـۆ نموونـە:

خەم ← غەم، باخ ← باغ، داخ ← داغ

باخەڵ ← باغەڵ، خونچە ←غونچە

خەشیم ← غەشیم

**١-١-٣/ دەنگــی «ع»:** یەکێکـە لـەو دەنگانـەی کـە لـە زمانــی کوردیــدا هەیــە و بــەکار دێــت، بــەڵام زۆربــەی زمانەوانــان بــە فۆنیمــی دانانێــن و لەگــەڵ فۆنیمەکانــی زمانـی کـوردی هەژمـاری ناکـەن، چونکـە لـە وشـەکانی نـاو فەرهەنگـی زمانـی کوردیـدا بەرچـاو ناکەوێـت، بەڵکـوو لـەو وشـانەدا دەبینرێـت کـە لـە زمانـی عەرەبییـەوە هاتوونەتـە نـاو زمانـی کوردییـەوە (عەلـی،١٩٨٩: ٢٩)، وەکـوو وشـەکانی: عوسـمان، مەعـرووف، عەبـا، نەعلـەت، عاجـز، عاسـمان،... هتـد)، هەروەهـا لـە ڕێنووسـی کـوردی بـە پیتـی لاتینـی هیـچ وێنەیەکـی بەرانبـەر نییـە، بـۆ نموونـە: قورعـان ← قورئـان، عاسـمان ← ئاسـمان. (لاچونـی دەنگـی «ع» لـە وشـەکەدا، واتـای وشـەکەی نەگۆڕیـوە).

**١-١-٤/ دەنگــی «ح»:** یەکێکـە لـەو دەنگانـەی کـە لـە زمانـی کوردیـدا هەیـە و بیـروڕای جیـاوازی لەسـەرە سـەبارەت بــەوەی ئایــا فۆنیمــە یاخــود فۆنیــم نییــە، بــەڵام بیــروڕای زۆربـەی زمانەوانانـی کـورد لەسـەر ئەوەیـە کـە فۆنیـم نییـە. یەکێـک لەوانـە «کەمـال فوئـاد»ە، کـە دەڵێـت: بـە بیـروڕای مـن دەنگـی «ح» دەنگـی بنچینەییـی زمانـی کـوردی نییـە، ئەویـش لەبـەر ئـەم هۆکارانـە: یەکـەم/ لـە کـەم وشـەی کوردیـدا بـەدی ئەکرێـت. دووەم/ گۆڕینـی بـۆ فۆنیمـی / هـ/ نابێتـە هـۆی گۆڕینـی واتـای وشـە. (فوئـاد، ٢٠٠٠: ٣٠)

بەزۆرییــش لــەو وشــانەدا دەبینرێــت، کــە وشــەی ڕەســەنی زمانــی کــوردی نیــن و لــە زمانــی عەرەبییــەوە هاتوونەتــە نــاو زمانــی کوردییــەوە. دەکــرێ بڵێیــن پیتــی «ح» لــە ئەلفوبێــی عەرەبییــەوە وەرگیــراوە (مــارف، ١٩٧٦: ٥٠) و دەنگــی ڕەســەنی زمانــی کــوردی نییــە. بــۆ نموونــە:

حەمزە ⟵ هەمزە، حەیدەر ⟵ هەیدەر

لــە ڕێنووســی کــوردی بــە پیتــی لاتینــی، هیــچ وێنــە و پیتێکــی تایبــەت بــە خــۆی بــۆ دانەنــدراوە.

بۆ نموونە:

حەسەن، محەمەد، هێلین ⟵ Hesen, Muhemmed, Hêlin

**١-١-٥/ بزرۆکــە «i»:** ئــەم دەنگــە بزوێنەیــە کــە لــە زمانــی کوردیــدا هەســتی پــێ دەکرێــت، بــەڵام لــە ئەلفوبێــی عەرەبیــدا وێنــەی بــۆ دانەنــدراوە، کەچــی لــە ئەلفوبێــی لاتینــی و نووســینی کــوردی بــە پیتــی لاتینیــدا، وێنــەی بــۆ دانــدراوە کــە «i»یــە. ئــەم دەنگــە بیــروڕای جیــاوازی لەســەرە، ئایــا لــە زمانــی کوردیــدا فۆنیمــە یاخــود نــا. کێشــەکەش لــەوەوە ســەرچاوەی گرتــووە، بــە بەکارهێنانــی پیتــی لاتینــی ئــەم بزوێنــە هیــچ کێشــەیەکی نییــە، چونکــە وێنەیەکــی تایبەتــی هەیــە، بــەڵام چونکــە ئێمــە پیتــی عەرەبــی بــەکار دەهێنیــن و لەوێــدا وێنــەی بــۆ دانەنــدراوە (وەیــس، ١٩٨٣: ٦٩). گرفتەکــە لــەوەوە ســەری هەڵــداوە کــە لــە زمانــی عەرەبیشــدا تەنیــا ســێ بزوێــن هەیــە ئەوانیــش: «ضمــة، فتحــة، کــسرة/ بــۆر، ســەر، ژێــر»ن و لــە بەرانبەریانــدا لــە زمانــی کوردیــدا نیــگاری: ە، و، ی دانــدراون. (مــارف، ١٩٨٦: ٢٧).

بەپێــی ئــەو یاســا تایبەتییــەی زمانــی کــوردی کــە دەڵێــت: برگــە بەبــێ بزوێــن نابێــت، ئــەوا دەکــرێ بزرۆکــە بوونــی زۆر گرنــگ بێــت، چونکــە لەچەنــد وشــەیەکی وەکــوو «دڵ، ســڕ، شــڕ، مــن، مســت»دا، تەنیــا دوو نەبزوێــن هەیــە، بــەڵام هەســت بــە بوونــی دەنگێکــی زۆر کــورت لەنێــوان دوو نەبزوێنەکــەدا دەکرێــت لەکاتــی درکاندنــدا، هەروەهــا بوونــی بزرۆکــە و گۆڕینــی بــە فۆنیمــە بزوێنەکانــی تــر واتــای وشــەکە دەگــۆڕێ، بــۆ نموونــە:

مست ⟵ ماست، بست ⟵ بیست، کردی ⟵ کوردی،کاردی

ژن ⟵ ژین، ژان کڕ ⟵ کەڕ، کوڕ،

دڵ ⟵ داڵ، دۆڵ، پڕ ⟵ پۆڕ، پێڕ

**١-١-٦/ دەنگــی «وو»:** لــە زمانــی کوردیــدا واوی درێــژی پــێ دەگوترێــت و یەکێکــی تــرە لــەو دەنگــە کێشەلەســەرانەی کــە لــە زمانــی کوردیــدا بیــروڕای جیــاوازی لەســەرە، بــەوەی کــە ئایــا فۆنیمــە یاخــود فۆنیــم نییــە. هەندێــک لــە زمانەوانــی کــورد، وەکــوو «ئەوڕەحمانــی حاجــی مــارف، مەســعوود محەمــەد و نەسریــن فەخــری» دەڵێــن فۆنیمــە و نموونــەی وشــەی «کــوڕ، کــووڕ» دەهێننــەوە (حەمــەد، ٢٠١٦: ٤٨-٦١)، بــەوەی کــە واتــای وشــەی گۆڕیــوە و وشــەی نوێــی هێناوەتــە کایــەوە. هەروەهــا لــە چەنــد وشــەیەکی تریشــدا واتــای وشــەی گۆڕیــوە و وشــەی نوێــی دروســت کــردووە، لەوانــە وشــەکانی «خــول: ســوڕ/ دەور-خــوول: قەڵــەو، قــوم: فڕەئاوێک-قــووم: زیخــی زۆر ورد/ ڕمــل،...» (حەمەئەمیــن و کەریــم، ٢٠١٧: ٢٦)، هەرچەنــدە ئــەم وشــانە وشــەی کوردیــی پەتیــن و لــە ئاخاوتنــی ڕۆژانــەی ئێســتەدا زۆر بــەکار نایــەن، ڕەنگــە قســەپێکەرانی ئێســتە تــا ڕادەیــەک واتاشــیان نەزانــن، بــەڵام دەکرێــت بکرێنــە بەڵگــە بــۆ لێکۆڵینــەوە و کاریــان لەســەر بکرێــت. محەمــەد مەعــرووف فەتاحیــش وێنــەی «و»ی بــۆ دانــاوە. (فتــاح، ١٩٧٦: ٢٩).

لەگــەڵ ئەمانەشــدا، زۆربــەی زمانەوانــان و لێکۆڵــەرەوان پێیــان وایــە، لــە زمانــی کوردیــدا فۆنیــم نییــە، هەرچەنــدە وەکــوو دەنــگ بەرچــاو دەکەوێــت و کاری پــێ دەکرێــت. لێــرەدا دەکرێــت بڵێیــن ئەگــەر فۆنیمیــش بێــت، ئــەوا فۆنیمێکــی لاواز و ســستە، چونکــە:

١- تەنیا لــە چەنــد وشــەیەکی کەمــدا واتــا دەگــۆڕێ و لــە کردارەکانیشــدا هەرگیــز ڕۆڵــی گۆڕینــی واتــا نابینێــت: چــوون_چــون، بوون_بــون، واتــە زۆر کــەم ڕۆڵ دەبینێــت کــە ئەمــەش نابێتــە ئــەوەی بــە فۆنیــم دابنرێــت.

٢-هەروەهــا بــە هیــچ شــێوەیەک لــە ســەرەتای وشــە و برگــەدا نایــەت. (عەلــی، ٢٠٠٥: ١٧- ١٨).

ئــەم وشانەشــی کــە ئــەم دەنگەیــان تێدایــە، دەکــرێ بــە یــەک «و» بنووســرێــن، چونکــە بەپێــی ســیاقی بەکارهێنانەکــەی لەنــاو ڕستەدا دەزانرێت مەبەست چییــە و ئــەم دەنگە بەهــەر جۆرێکیــان بنووســرێــت، کار لــە گۆکردنــی وشــەکە نــاکات، بۆیــە هەندێــک لــە زمانەوانــان بــە ئەلۆفۆنــی دەنگــی/و/ی دادەنێــن.

(حەمەئەمیـن و کەریـم، ٢٠١٧: ٢٦)، کـە ئەمـەش تـا ڕادەیـەک کێشـەکە چارەسـەر دەکات.

**٢-١/ برگە Syllable:**

برگـە زیاتـر بـە یەکەیەکـی فۆنۆلـۆژی دادەنرێـت و لـە زمانـی ئینگلیزیـدا زاراوەی «Syllable»، لـە زمانـی عەرەبیـدا زاراوەی «مقطـع و هیجـا» و لەزمانـی کوردیشـدا زاراوەی «برگـە، کەرتـە، پارچـە، مقطـع،...»ی بەرانبـەر بـەکار دێـت (ئیسـماعیل، ٢٠١٣: ٥٢). برگـە یەکەیەکـە دابـەش دەکرێـت بـۆ چەنـد پارچەیەکـی لـە خـۆی بچووکـتر کـە دەنگـە. هەروەهـا بـە لێکدانـی برگـەش، پارچـەی لـە خـۆی گەورەتـر کـە وشـەیە دروسـت دەبێـت، واتـە لـە وشـە بچووکـترە و لـە دەنـگ گەورەتـرە.

وشە

↓

برگە

↓

دەنگ


نموونە: دەرگە (وشـە) دەر+گـە (برگـە/ دوو برگـە) د، ە، ر، گ، ە (دەنـگ).

برگـە بریتییـە لـەو چەنـد دەنگـەی کـە بەیەکـەوە بـە یـەک تەوژمەهـەوا لـە سـییەکانەوە بەبـێ وەسـتان دەچێتـە دەرەوە (وەیـس، ١٩٨٣: ٨٤) و هیـچ پشـوووەرگرتنێکی تێـدا نییـە، چونکـە ئـەو هەوایـەی کـە لەکاتـی ئاخاوتنـدا لـە بۆشـاییی دەمـەوە دێتـە دەرەوە، بـە یـەک جـار دەرناچێـت، بەڵکـوو بـە چەنـد جارێـک دەربـازی دەبێـت (مـارف، ١٩٧٦: ٦٧)، واتـە ئـەو چەنـد دەنگـە گۆکـراوەی بەیەکـەوە و لەیـەک هەناسـە دەردەچـن، پێیـان دەگوترێـت برگـە.

برگـە لـە کۆبوونـەوەی دەنگەکانـی زمـان، کـە بزوێـن و نەبزوێنەکانـن بەرهـەم دێـت و وەکـوو دانەیەکـی فۆنۆلـۆژی ڕۆڵ و گرنگیـی خـۆی دەبێـت، بریتییـە لـە یەکـەم یەکـەی دەنگسـازیی گۆکـراوی کۆئەندامـی ئاخاوتـن؛ واتـە لـە برگـە کەمـتر گـۆ ناکرێـت (بابـان، ٢٠١٥: ٤٠). بۆشـاییی زار و هەناسـەوەرگرتن لـە کاتـی درکاندنـی ئـەو چەنـد دەنگانـەدا بەیەکـەوە دەبـن و هیـچ وەسـتانێکیان نییـە. بـۆ نموونـە: بـا، دار، شـیر، نـان، دەسـت،... (یـەک برگـەن).

برگــە یەکەیەکــە کــە سیســتەمی فۆنۆلــۆژی لەســەر ڕێــک خــراوە و بوونێکــی تــەواو فۆنۆلۆژییــە، ناتوانرێــت بــە یەکەیەکــی ڕێزمانــی یــان واتاســازییەوە بناسرێتــەوە (Katamba, ١٩٨٩: ٥٣) و ئەرکـی لـە چوارچێـوەی فۆنۆلۆژیـدا بەدیـار دەکەوێـت و لێکۆڵینـەوە و لێکدانـەوەی بـۆ دەکرێـت و ناچێتــە نــاو ئاســتەکانی تــرەوە و دوا دانــەی ئاســتی فۆنۆلۆژیـە، چونکـە هـەر دانەیـەک بـە دوای برگـەدا بێـت و لـە برگـە گەورەتـر بێـت، دەبێـت پێوەنـدی لەگـەڵ واتـادا هەبێــت (فەتــاح، ٢٠١١: ٨٣).

برگـەش لـە سـێ بەشـی سـەرەکی پێـک دێـت، ئەوانیـش بریتیـن لـە: «پێـش لووتکـە و لووتکـە و پـاش لووتکـە». بـە شـێوەیەکی گشـتی، پێـش لووتکـە و پـاش لووتکـە، دەنگـی نەبزوێنن و دەنگی بزوێنیش لووتکەیە (فەتاح، ٢٠١١: ٨٠).




**١-٣/ ڕۆڵ و پێگـەی بزوێـن و نەبزوێنـەکان لـە دروسـتبوونی برگـە لـە زمانـی کوردیـدا:**

دەنگەکانـی زمـان بەسـەر بزوێـن و نەبزوێنەکانـدا دابـەش دەبـن، لەهـەر زمانێکیشـدا ژمارەیـان بـە جۆرێکـە و ڕەنگـە لەنـاو یـەک زمانیشـدا بیـروڕای جیـاواز لەسـەر ژمارەکەیـان هەبێـت و هـەر زمانەوانێـک لـە ڕوانگەیەکـەوە ئامـاژەی بـۆ بـکات. هەمـوو زمانێکیـش خاوەنـی یاسـا و تایبەتمەندیـی خۆیەتـی لـە دروسـتبوونی هـەر یەکەیـەک؛ برگـەش وەکـوو یەکەیەکـی بـواری فۆنۆلـۆژی، لـە هـەر زمانێکدا بـە جۆرێکـە و یاسـای تایبـەت بـە خـۆی هەیـە بـۆ دروسـتبوونی، بـەڵام بنەمـا و کەرەسـتەی دروسـتبوونی برگـە لـە هەمـوو زمانێکـدا دەنگـە بزوێـن و نەبزوێنەکانـە، واتـە برگـە بەرهەمـی کۆبوونـەوەی دەنگـە بزوێـن و نەبزوێنەکانـە لـە بـاری قسـەکردندا (فتـاح، ٢٠١١: ٧٦)، چونکـە هـەر وشـەیەک کـە مانەوێـت بزانیـن چەنـد برگەیـە، دەبێـت بیدرکێنیـن بـۆ ئـەوەی بزانیـن چەنـد دەنـگ بەیەکـەوە و بـە یـەک هەناسـە دەردەچـن، ئەوکاتـە

ژمارەکـە دەزانیـن.

بزوێنـەکان ئـەو دەنگانـەن، کـە لەکاتـی دروستبوونیاندا، ئـەو هەوایـەی کـە لـە سـییەکانەوە دەردەچێـت، بـێ تەگـەرە و بـە ڕەوانـی بـە بۆشـاییی دەمـدا تـێ دەپـەڕێ و هیـچ ڕێگـری و بەربەسـتێکیان بـۆ دروسـت نابێـت (مـارف، ١٩٧٦: ٢٤). دەنگـە بزوێنـەکان درکاندنیـان ئاسـانە و یارمەتیـی دەنگـە نەبزوێنـەکان دەدەن؛ واتـە بـۆ بزواندنـی دەنگـی نەبزوێـن سـاز دەکرێـن (بەسـیر،٢٠١٣: ٦) و بـە بـێ بزوێـن درکاندنـی نەبزوێنـەکان بـە تەنیـا، یاخـود چەنـد نەبزوێنێـک بەیەکـەوە ئەسـتەمە. لـە کاتـی درکاندنـی دەنگـە بزوێنەکانـدا، هیـچ ئەندامێکـی ئاخاوتـن لـە یەکـتر نزیـک نابنـەوە و بـەر یـەک ناکـەون؛ واتـە بـە بـێ هیـچ توندبوونەوەیـەک و هاتنەوەیەکێـک لـە کۆئەندامـی دەنگیـدا دروسـت دەبـن.

نەبزوێنیـش بـەو دەنگانـە دەگوترێـت، لـە کاتـی دروسـتبوون و درکاندنیانـدا، ئـەو ئەندامانـەی ئاخاوتـن کـە بەشـداری لـە دروسـتبوونیاندا دەکـەن، دێنـەوە یـەک و تـا ڕادەیـەک لـە یەکـتر نزیـک دەبنـەوە و ئـەو هەوایـەی کـە لـە سـییەکانەوە دەردەچێـت، ڕێگـری لـێ دەکرێـت و ڕێـڕەوی هـەوا دادەخرێـت، بۆیـە پێیـان دەگوترێـت دەنگـە داخـراوەکان (فوئـاد، ٢٠٠٠: ١٦)؛ واتـە هـەوا لـە شـوێنێکدا بـە داخـراوی دەمێنێتـەوە و دواتـر ڕێڕەوێکـی ڕۆیشـتن دەدۆزێتـەوە و خـۆی دەربـاز دەکات و ئـەم دەنگانـە دروسـت دەبـن. دەنگـی نەبزوێـن لـە ئەنجامـی تەگەرەخسـتنە بـەر هـەوای هاتـوو لـە سـییەکانەوە لەلایـەن ئەندامەکانـی ئاخاوتنـی وەکـوو: دەنگەژێیەکانـی قـوڕگ، زمـان، ددانـەکان،... دروسـت دەبـن، ئـەو دەنگانـەن کـە لـە گـەروودا گیـر دەبـن و لـە دەربازێکـەوە بەهـۆی دەنگـە بزوێنەکانـەوە دەدرکێندرێـن؛ واتـە دەنگـە بزوێنـەکان یارمەتیـدەرن بـۆ درکاندنیـان.

گرنگـی و ڕۆڵـی بزوێـن و نەبزوێنـەکان لـە بڕگـەدا ئەوەیـە، بەیەکـەوە دێـن و تەواوکـەری یەکـترن و لەزمانـی کوردیـدا بـە بـێ یەکـتر نایـەن. ناسـاندن و پێناسـەی بڕگـەش لەسـەر بنەمـای چۆنیەتیـی هاتـن و گونجانـی بزوێـن و نەبزوێنەکانـە لەگـەڵ یەکـتردا و لـە کەمتریـن هەلومەرجـدا بڕگـەی دەنگسـازی لـە نەبزوێـن و بزوێنێـک پێـک هاتـووە. (بابـان، ٢٠١٥: ٢٩)

هەندێـک لـە زمانەوانـان ئامـاژە بـەوە دەکـەن، بڕگـە بریتییـە لـە دەنگێـک یاخـود پـتر لەدەنگێـک کـە بـە یـەک هەناسـە لـە دەم دەردەچێـت (مـارف، ١٩٧٦: ٦٨). ئەگـەر سـەیری قاڵبەکانـی دروسـتبوونی بڕگـە بکەیـن لـە زمانـی کوردیـدا، ئـەوا ئـەم بیروڕایـە بـۆ ڕێنووسـی کـوردی بـە ئەلفوبێـی لاتینـی دەگونجێـت و ئاسـاییە، هیـچ کێشـەیەکی نییـە. نموونـە: وشـەی «ئـازادی»، لـە سـێ بڕگـە پێـک هاتـووە و بەم جۆرەیە:




بـەڵام بـۆ ڕێنووسـی کـوردی بـە ئەلفوبێـی عەرەبـی ناگونجێت و کێشـە دروست دەکات، چونکـە هیـچ بڕگەیەکـمان نییـە لەیـەک دەنـگ پێـک هاتبێـت، بەڵکـوو لـە دەنگێـک زیاتـرە و هیـچ دەنگێـک بەتەنیـا نادرکێندرێـت و نابێتـە یـەک بڕگـە. بەڵکـوو بەلایەنـی کەمـەوە بڕگـە لـە بزوێنێـک کـە ناوکـی بڕگەیـە و نەبزوێنێـک یـان زیاتـر پێـک دێـت (عەلـی، ٢٠٠٥: ١٩٩ ).

نموونە: دۆ



دۆڵ



یەکێـک لـە تایبەتمەندییەکانـی بڕگـە لـە زمانـی کوردیـدا ئەوەیـە، دەنگـی بزوێـن هەرگیـز لـە سـەرەتای بڕگەوە نایـەت و بڕگـە بـە دەنگـی بزوێـن دەسـت پـێ نـاکات، بەڵکـوو بـەردەوام دەبێتـە لووتکـەی بڕگـە (عەلـی، ٢٠٠٥: ١٩٨). وەکـوو ئاماژەمـان پـێ دا کـە بڕگـە لـە سـێ بـەش (پێـش لووتکـە، لووتکـە، پـاش لووتکـە) پێـک دێـت، لووتکـەی بڕگـە هەمیشـە بزوێنـە و بڕگـەش دەکرێ پـاش لووتکـەی تێـدا نەبێـت، بـەڵام هەرگیـز بـە بـێ لووتکـە نابێـت، چونکـە بـە بـێ دەنگـی بزوێـن، بڕگـە دروسـت نابێـت و بزوێـن لووتکـەی بڕگـە دەگرێت.

نموونە: دەرگا دوو بڕگە:



.هەوێنی دروستبوونی بڕگە دەنگی بزوێنە و ژمارەی برگەکانی هەر وشەیەک بەقەد ژمارەی بزوێنەکانیەتی (مارف، ١٩٧٦: ٦٧). بۆ نموونە:

| | | |
|---|---|---|
| نان | ١ بڕگە | نان |
| ناندین | ٢ بڕگە | نان+ دین |
| نانەوا | ٣ بڕگە | نا+ نە+ وا |
| نانەواکان | ٤ بڕگە | نا+ نە+ وا+ کان |
| نانەواخانە | ٥ بڕگە | نا+ نە+ وا+ خا+ نە |

**١-٤/ قاڵبەکانی دروستبوونی بڕگە لە زمانی کوردیدا:**

دروستبوون و داڕشتنی بڕگە لە هەر زمانێکدا بە جۆرێکە و یاسا و قاڵبی تایبەت بە خۆی هەیە، چونکە لە ڕووی فۆنۆلۆجییەوە هەر زمانێک خاوەنی بنەما و دەستووری تایبەت بە خۆیەتی بۆ دروستکردنی یەکە زمانییەکان. بڕگەش وەکوو یەکەیەکی زمانیی گرنگ، بە شێوەی لەسەر یاسا ڕۆیشتوو کار دەکات و لە هەر زمانێکدا چەند دەستوور و قاڵبێکی هەیە. زمانی کوردییش وەکوو هەر زمانێکی تر، خاوەنی قاڵب و بنەمای تایبەت بە خۆیەتی لە داڕشتنی بڕگە و لە یەکەکانی تر بڕگەیان پێ دەناسرێتەوە و جیا دەکرێتەوە. ئەم یاسایانەش وەنەبێت دروستکراو بن و دواتر بڕگە لەسەریان داڕێژرابێت، بەڵکوو لە بڕگەکانەوە هەڵێنجراون و شیکراونەتەوە و لەناو بڕگەی زمانی کوردیدا دەرهێنراون و دواتر ناونراون قاڵب و دەستووری بڕگە لە زمانی کوردیدا.

زمانەوانان و لێکۆڵەرەوانی زمانی کوردی گەیشتونەتە ئەو بیروڕایەی کە ڕۆنان و داڕشتنی بڕگەی زمانی کوردی لە «٩» شێوەدا خۆی دەبینێت (حەسەن، ١٩٩١: ٥٣)، کە ئەمانیش لە ئاخاوتن و دەربڕینی قسەکەرانی زمانی کوردییەوە هەڵێنجراون و بەرهەمی دەربڕینەکانی قسەپێکەران و لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی زمانەوانانی کوردن. ئەم ٩ شێوە و قاڵبەش بریتیین لەمانەی خوارەوە:

| بڕگە | قاڵب | بە ڕێنووسی لاتینی | بە ڕێنووسی عەرەبی |
|---|---|---|---|
| ١-خوارد | ccvcc | xward | خوارد |
| ٢-چوار | ccvc | cwar | چوار |
| ٣-هەست | cvcc | hest | هەست |
| ٤-خوا | ccv | xwa | خوا |
| ٥-نان | cvc | nan | نان |
| ٦-دۆ | cv | do | دۆ |
| ٧-ئا | v | a | __ |
| ٨- ئاخ | vc | ax | __ |
| ٩-ئارد | vcc | ard | __ |

(حەسەن، ١٩٩١: ٥٣-٥٤)

بەشێوەیەکی گشتی و پوخت، یاسای داڕشتنی بڕگە لەزمانی کوردیدا بەم جۆرەیە:

(c) (c) {v} (c) (c)

v______vowel بزوێن

c______consonant نەبزوێن

{ }______ئەو دەنگەی نێوانیان دەبێت دەرکەوێ بە خورتی (obligatory)

( )______ئەو دەنگەی نێوانیان دەشێت دەرکەوێ بە ئارەزوو (optional) (ئەمین، ٢٠٠٩: ٢٥٢)

بەپێی توێژینەوە و بیروڕاکان، لێرەدا دەتوانین بڵێین قاڵبەکانی «٧، ٨، ٩»، لە ئێستادا کاریان پێ ناکرێت و بەکار نایەن، تەنیا شەش قاڵبی داڕشتنی بڕگەی سەرەکی و بێمەرج و بێکێشەمان هەن، چونکە ئەوەی ئێمە لێرەدا باسی دەکەین، باسی قسەکردن و ئاخاوتنی ڕۆژانەی قسەپێکەرانی زمانی کوردیی کرمانجیی ناوەڕاستە کە ئەلفوبێی عەرەبی پێڕەو دەکەین لە نووسیندا.

جگە لەو شەش قاڵبە سەرەکییەی کە باسمان کرد، محەمەد مەعرووف فەتاح، زمانەوانی کورد، لە کتێبەکەیدا بەناوی زمانەوانی، ئاماژە بە قاڵبێکی تری داڕشتنی بڕگە لە زمانی کوردیدا دەکات، ئەویش قاڵبی «cvccc»یە. وەک نمونەی وشەکانی: گەیشت، ڕۆیشت» (فتاح، ٢٠١١: ١١٠). هەرچەندە دەبینین کە سێ دەنگی نەبزوێن بەیەکەوە هاتوون و هێشووەنەبزوێن دروست بووە، بەڵام ئاماژە

بەوە دەکات، ئەم سێ نەبزوێنەی کە لە کۆتاییی وشەکاندا هاتوون، دەبێت مەرجدار بن، ئەوکاتە هێشووەنەبزوێنەکە بێ گرفت دەبێت و وەکوو قاڵبێکی دارشتنی برگە دادەنرێت. مەرجەکانیش بریتین لە: ١/ نەبزوێنی یەکەم: نیوە بزوێن بێت. ٢/ نەبزوێنی دووەم: دەنگێکی خشۆک بێت. (مارف، ٢٠١١: ١١٠)

نموونە: گەیشت گ ە ی ش ت

c c c v c

دەنگی نەبزوێنی «ی» نیوەبزوێنە و نەبزوێنی «ش» دەنگێکی خشۆکە.

واتە برگە لەزمانی کوردیدا لە چوونەپاڵیەکی دەنگی بزوێن و نەبزوێن پێک دێت و بریتییە لە چاودێریکردنی پێکەوەهاتنی پەسەندکراوی فۆنیمەکان (روج، ٢٠٠٥: ٨٠)؛ واتە هاتنی چەند دەنگێک بەیەکەوە، تا چ رادەیەک گونجاوە.

ـ دەنگی بزوێن، هەوێنی برگەیە و هەر دەبێت هەبێت، بە زۆر و ناچارییە، بەبێ بزوێن برگە دروست نابێت. ئەمە لە رێنووسی کوردی و لاتینیی دەنگەکانی زمانی کوردیدا وەکوو یەکە.

ـ دەنگی نەبزوێن، دەشێت هەبێت یان نەبێت و بە ئارەزووە، ئەمە لە رێنووسی لاتینیی دەنگەکانی زمانی کوردیدا بەدی دەکرێت و دەگونجێت، چونکە برگە هەیە تەنیا لە یەک دەنگی بزوێن پێک دێت، وەکوو ئا____a )رێنووسی لاتینی(، بەڵام لە رێنووسی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی، ئەمە جێبەجێ نابێت و ناگونجێت، چونکە برگەمان نییە تەنیا لە دەنگێکی بزوێن پێک هاتبێت، بەڵکوو لە بزوێن و نەبزوێنێک کەمتر پێک نایەت. بۆ نموونە:

چا____ cv با، تا، شا، دۆ، بۆ، هۆ، دێ، رێ، سێ ... .

کەواتە بەپێی رێنووسی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی «٦» قاڵب بۆ دارشتنی برگە هەیە، ئەوانیش:

, cvcc, ccv, ccvc, ccvcc, cv, cvc

بەڵام بەپێی رێنووسی کوردی، بە پیتی لاتینی «٩» قاڵبمان هەیە، ئەوانیش:

ccv, ccvc, ccvcc v, vc, vcc, cv, cvcc, cvc

**١-٥/ تایبەتمەندییەکانی برگە لە زمانی کوردیدا:**

بەپێی بنەما و قاڵبەکانی دروستبوونی برگە لە زمانی کوردیدا و چۆنیەتیی پێکهاتنی برگە، دەتوانین چەند تایبەتمەندییەکی برگە بە گشتی و لە زمانی کوردیدا بە تایبەتی دیاری بکەین، ئەوانیش بریتین لە:

١. بزوێن ناوکی برگەیە و بە بێ بزوێن، برگە دروست نابێت، ژمارەی برگەکانی هەر وشەیەک لە دەنگە بزوێنەکانی وشەکەوە بەدیار دەکەوێت و هەر دەنگێکی بزوێن یەکسانە بە برگەیەک (بابان، ٢٠١٥: ٣٦).

٢. لەیەک برگەدا، هەرگیز دوو بزوێن بەیەکەوە نایەن (خۆشناو، ٢٠١٤: ٥٠).

٣. درێژترین برگە لە زمانی کوردیدا، بریتییە لە بزوێنێک و چوار نەبزوێن (وەیس، ١٩٨٣: ٨٣).

٤. لە سەرەتا و کۆتاییی برگەدا، رێگە بە هاتنی دوو نەبزوێن زیاتر نادرێت (خۆشناو، ٢٠١٤: ٤٧).

٥. لە وشەدا هەمیشە هێز دەکەوێتە سەر برگە و لە برگەشدا دەکەوێتە سەر دەنگی بزوێن.

٦. لە رێنووسی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی، برگە هەرگیز بە دەنگی بزوێن دەست پێ ناکات، بەڵکوو دەنگی نەبزوێن دەکەوێتە سەرەتای برگە، بەڵام لە رێنووسی کوردی بە ئەلفوبێی لاتینی، لە هەندێک قاڵبدا، برگە بە دەنگی نەبزوێن دەست پێ دەکات و هەندێک جاریش تەنیا ئەو بزوێنەیە بەبێ نەبزوێن.

**١-٦/ جۆرەکانی برگە:**

برگە وەکوو یەکەیەکی فۆنەتیکی، بەسەر چەند جۆرێکدا دابەش دەبێت و لە چەند روانگەیەکەوە سەیر دەکرێت و لەلایەن زمانەوانانەوە بیروڕای جیاواز لەسەر جۆرەکانی هەن. دەنگە بزوێن و نەبزوێنەکان و چۆنیەتیی درکاندن و دروستبوونیان و چۆنیەتیی کارکردنی ئەندامەکانی ئاخاوتن، رۆڵی سەرەکی دەبینن لەم دابەشکردنانەی برگەدا. ئەگەر لە روانگەی زمانناسییەوە سەیری برگە بکرێت، ئەوا شەش جۆر برگە دەستنیشان دەکرێن (خۆشناو، ٢٠١٤: ٤٨) کە ئەمانیش بریتین لەمانەی خوارەوە:

**١-٦-١/ بڕگـەی فۆنەتیکـی:** ئـەم جـۆرەی بڕگـە، سروشـتێکی نەگـۆڕی زمانـە و ئـەو قاڵبەیـە، کـە هەمـوو زمانانـی جیهـان تیایـدا بەشـدارن و پێوەنـدی بـە فیسـیۆلۆجیی هەناسـەوەرگرتن و چۆنیەتیـی کارکردنـی ئەندامانـی ئاخاوتنـەوە هەیـە (ئەمیـن، ٢٠٠٩: ٢٥٢)؛ واتـە ئـەو چەنـد دەنگـەی بـە یـەک هەناسـە و بـێ وەسـتان لەگـەڵ یەکـتری لـەدەم دێنـە دەرەوە، یـەک بڕگـە پێـک دەهێنـن، جـا گرنـگ نییـە چەندیـان بزوێنـن یاخـود نەبزوێـن بـن و چـۆن بـن، واتـە لێـرەدا بڕگـە بـەو کۆمەڵـە دەنگـە دەگوترێـت کـە لەنـاو وشـەدا دركاندنێکـی بـەرزی هەبـێ و گوێگـر بـە ئاشـکرا بتوانێـت هەسـت بـەو دركاندنـە بـەرزە بـكات و بەپێـی ئـەو سـنوورەی کـە لـە وشـەدا هەیەتـی لـە بڕگەکانـی تـر جیـای بکاتـەوە (وەیـس، ١٩٨٣: ٨٣).

**١-٦-٢/ بڕگـەی فۆنۆلۆجـی:** بەرهەمـی بڕگـەی فۆنەتیکییـە، هـەر زمانێـک یاسـای تایبـەت بـە خـۆی هەیـە بـۆ لێکدانـی فۆنیمەکانــی لەنــاو قاڵبــی بڕگــەی گشــتی (فۆنەتیکــی)دا (ئەمیـن، ٢٠٠٩: ٢٥٢)، واتـە ئـەو چەنـد دەنگـەی کـە بـە یـەک هەناسـە لەگـەڵ یەکـتری دێـن، چۆنیەتیـی لێکدانیـان و ژمارەیـان و جۆرەکانیـان لەهـەر زمانێکـدا بـە جۆرێکـە و یاسـای تایبـەت بـە خـۆی هەیـە و لەهـەر زمانێکـدا چەنـد قاڵـب و شـێوە و دەسـتوورێک هەیـە کـە ڕەنگـە زۆربەیـان گونجـاو نەبـن بـۆ زمانانـی تـر و لـە هـەر زمانێکـدا جـۆرە پێڕەوێـک هەیـە، واتـە پێکهاتنـی بڕگـە لـە ڕووی فۆنۆلۆژییـەوە، لـە زمانێکـەوە بـۆ زمانێکـی تـر دەگۆڕێـت (وەیـس، ١٩٨٣: ٨٣) و لەهـەر زمانێکـدا بڕگـە چەنـد تایبەتمەندییەکـی دەبێـت. بۆنموونـە لـە زمانـی کوردیـدا، دوو بزوێـن بەیەکـەوە نایـەن.

**١-٦-٣/ بڕگـەی کـراوە:** ئـەم جـۆرەی بڕگـە لەسـەر بنەمـای جـۆری دەنـگ (بزوێـن و نەبزوێـن)ی کۆتاییـی بڕگـە ناونـراوە، بریتییـە لـەو بڕگەیـەی کـە بـە دەنگـی بزوێـن کۆتاییـی هاتبێـت (مـارف ١٩٧٦: ٦٩)، وەکـوو لـە نموونـەی بڕگەکانـی «دێ، ئـا، کـێ، کا، مـو، زوو،...»دا دەبینرێـت. واتـە بڕگـەی کـراوە بەکراوەیـی بۆشـاییی دەم دروسـت دەبێـت (مـارف، ٢٠١٤: ٥٩)، چونکـە لـە کاتـی درکاندنـی دەنگـە بزوێنەکانـدا، بۆشـاییی دەم کـراوە دەبێـت.

زۆریـی بڕگـەی کـراوە لـە زمانـدا، زمـان بـەرەو ئاسـانی دەبـات، ئەویـش بـەوەی کـە دەربڕینـی دەنگـی بزوێـن لـە کۆتاییـی بڕگـەدا لەسـەر زار ئاسـانترە لـە نەبزوێنـەکان، بۆیـە بڕگـەی کـراوە بـە بڕگـەی پەسـند دادەنرێـت لـە زمانـدا (ئیسـماعیل، ٢٠١٣: ٧١). هەرچەنـدە هیـچ قسـەکەرێکی زمـان، زمانەکـەی خـۆی پـێ قـورس نییـە، بەڵکـوو پێـی ئاسـانە، بـەڵام ئەمـە لەکاتـی فێربوونـی زمانەکانـەوە لەلایـەن قسـەپێکەرانی تـرەوە وەکـوو زمانـی دووەم دەردەکەوێـت.

ئـەو زمانـەی کـە بڕگـەی کراوەی زۆرە، بـەلای گوێگرەوە بـە زمانێکـی مۆسـیقی دادەنرێـت. بـۆ نموونـە زمانـی ئینگلیـزی لـە نێـوان هـەردوو جۆردایـە، چونکـە بڕگـەی کـراوە و داخراویشـی زۆرە، بـەڵام زمانـی کـوردی، بەپێچەوانەوەیـە و بەشـی زۆری بڕگەکانـی کـراوەن و بڕگـەی قورسیشـی زۆر کەمـە، چونکـە ڕێگـە بـە هێشـووەنەبزوێن نـادات (فتـاح، ٢٠١١: ٨٠)؛ واتـە یـەک لـە تایبەتمەندییەکانـی بڕگـەی زمانـی کـوردی ئەوەیـە، دوو نەبزوێـن و زیاتـر بەسـەر یەکـەوە نایـەن، کـە دەبێتـە هـۆی دروسـتبوونی هێشـووەنەبزوێن. واتـە ئاسـانبوون پێوەنـدی بـە جـۆری بڕگەکانـەوە هەیـە، نـەک بـە زۆری و کەمـی، یـان بـە ژمـارەی بڕگـەوە (حەسـەن، ١٩٩١: ١٠١).

لـە زمانـی کوردیـدا هاتنـی تاوەکـوو پێنـج بڕگـەی کـراوە بـە دوای یەکـدا، لـە وشـەیەکی لێکـدراودا ئاسـاییە و گرفـت دروسـت نـاکات (حەسـەن، ١٩٩١: ١٩).

بۆ نموونە: گوڵاڵەسوورە /گو/ /ڵا/ /ڵە/ /سوو/ /رە/

پێداچوونەوە /پێ/ /دا/ /چوو/ /نە/ /وە/


**١-٦-٤/ بڕگـەی داخـراو:** ئـەم جـۆرەی بڕگەیـەش لەسـەر بنەمـای جـۆری کۆتـا دەنگـی بڕگـە ناونـراوە و بریتییـە لـەو بڕگەیـەی کـە کۆتایـی بـە دەنگـی نەبزوێـن هاتبێـت (مـارف، ١٩٧٦: ٦٩)، وەکـوو لـە نموونەکانـی: ژوور، دار، گـوڵ، بـەرد، دەسـت،...دا دەبینرێـن.

واتـە بڕگـەی داخـراو لـە بـاری داخراوییـی بۆشـاییی دەمـدا دروسـت دەبێـت (مـارف، ٢٠١٤: ٥٨)، ئـەم دەنگـی نەبزوێنـەی کۆتاییـش، دەشـێت لـە یـەک دەنگـی نەبزوێـن زیاتـر بێـت (حەمـەد، ٢٠١٦: ٢٨) وەک: حـەوت، ئـارد، خـوارد،... کـە

تاڕادەیەک درکاندنی ئەم جۆرە بڕگانە قورسە لەسەر زمان و وزەیەکی زۆری دەوێت، واتە بڕگەی «ccvcc» بە بڕگەی گران ناو دەبرێت (بابان، ٢٠١٥: ٣١)، بۆ نموونە: خوارد.

بۆیە دەگوترێت هەر زمانێک بڕگەی داخراوی زۆرتر بێت لە بڕگەی کراوە، ئەوا بەرەو گرانی و قورسبوون دەچێت، چونکە جووڵەی ماسوولکە و ئەندامانی ئاخاوتن گران دەکات و وا دەکات قسەکەر فشارێکی زۆرتری بکەوێتە سەر و درکاندنی ئەم بڕگانەی لەلا گران بێت.

هەروەها بڕگەی داخراو لە زمانی کوردیدا هەر سێ بەشە پێکهێنەرەکەی بڕگەی تێدایە (پێش لووتکە، لووتکە، پاش لووتکە) (ئیسماعیل ٢٠١٣: ٧٣)، بۆنموونە وشەی: شێر.




سروشتی دروستبوونی بڕگە لە زمانی کوردیدا ڕێگا بەهەردوو جۆری بڕگەی کراوە و داخراوە دەدات، بەڵام کراوە زیاتر(حەسەن، ١٩٩١: ١٩)، کە ئەمەش تایبەتمەندیی زمانی کوردی بەدەردەخات لەڕووی قاڵب و شێوەکانی داڕشتنی بڕگەوە.

**١-٦-٥/ بڕگەی کورت:** ئەم جۆرەی بڕگەیە لەسەر بنەمای کورتی و درێژیی دەنگە بزوێنەکەی بڕگە هاتووەتە ئاراوە و بریتییە لەو بڕگەیەی کە دەنگە بزوێنەکەی بزوێنێکی کورت بێت، بە ڕەچاوکردنی سروشتی فۆنەتیکیی بڕگە و سروشتی دەنگە دراوسێکانی و ئەو هێزەی دەکەوێتە سەری (ئیسماعیل، ٢٠١٣: ٧٦)، وەکوو: «دە، دوو، من، de, du. Min»، چونکە ئەگەر هێز بکەوێتە سەری، بەلای درێژکردنەوەدا دەڕوات و سیفەتی کورتی لەدەست دەدات. هەروەها لە ڕووی ژمارەی نەبزوێنەوە، هەموو بڕگەیەکی بزوێنی کورت بە بڕگەی کورت دادەنرێت، بەبێ ڕەچاوکردنی ژمارەی ئەو نەبزوێنانەی کە لەو بڕگەیەدان (حەسەن، ١٩٩١: ١٨) و پێش یان پاش یان هەردووکی بزوێنەکە دەگرن؛ واتە ژمارەی دەنگی نەبزوێن ڕۆڵ و کاریگەری نابێت. بۆ نموونە:

دە ← بڕگەی کورت: (١ نەبزوێن)،

دەم ← بڕگەی کورت: (٢ نەبزوێن)،

دەست ← بڕگەی کورت: (٣ نەبزوێن).

**١-٦-٦/ بڕگەی درێژ:** ئەم جۆرەی بڕگەش لەسەر بنەمای کورتی و درێژیی دەنگە بزوێنەکەی بڕگە هاتۆتە ئاراوە. بریتییە لەو بڕگەیەی کە دەنگە بزوێنەکەی بزوێنێکی درێژ بێت، بە ڕەچاوکردنی سروشتی فۆنەتیکی بڕگە و سروشتی دەنگە دراوسێکانی و ئەو هێزەی دەکەوێتە سەری (ئیسماعیل، ٢٠١٣: ٧٦)، وەکوو: «بۆ، با، دێ، ڕوو،...». ئەگەر قسەکەر بیەوێت دەتوانێت ئەم جۆرەی بڕگە درێژ بکاتەوە تا ئەو شوێنەی کە دەیەوێت، هەروەها هەر بڕگەیەک کە بزوێنەکەی درێژ بێت، بڕگەیەکی درێژە، بەمەرجێک بڕگەکە هێزدار بێت (حەسەن، ١٩٩١: ١٨).

لێرەدا جۆرە پێوەندییەک لەنێوان بڕگەی (کورت و داخراو) و (درێژ و کراوە) دروست دەبێت، هەموو بڕگەیەکی داخراو کورتە و هەموو بڕگەیەکی کراوەش درێژە (ئیسماعیل، ٢٠١٣: ٧٥)، چونکە بڕگەی داخراو بواری درێژکردنەوەی تێدا نییە و دەنگە بزوێنەکە بەربەستی لەپێشە و ڕێگری لە درێژکردنەوەی دەکرێت و پێش و پاشی دەنگی نەبزوێنە، بەڵام هەموو بڕگەیەکی کراوە درێژە، چونکە ڕێگری لەو هەوایە ناکرێت کە دەنگە بزوێنەکەی پێ دروست بووە، تەنیا لەپێش دەنگی نەبزوێن هەیە و جۆرە ئازادی و بوارێکی درێژکردنەوەی تێدایە.

درێژی و کورتیی بزوێن، بریتییە لە ماوەی درکاندنی دەنگی بزوێن، واتە ڕادەی کورتی و درێژی دەنگە بزوێنەکان دەگرێتەوە و دەبێتە سیفەتێک بۆ دەنگە بزوێنەکان (عەلی، ٢٠٠٥: ٢١٩). بۆنموونە: دەنگی بزوێنی «ە» کورتە، بەڵام «ا» درێژە. ئەمەش پەیوەستە بە بەردەوامی یاخود تەواوبوونی ئەو هەوایەی کە لەکاتی درکاندنی دەنگەکان لە سییەکانەوە سەرچاوە دەگرێت و لە بۆشاییی دەم دێتە دەرەوە و تەواو دەبێت. بەو پێیەی سیستەمی دروستبوونی بڕگە لەهەر زمانێکدا جیاوازە، درێژترین بڕگە لە زمانی کوردیدا، لە بزوێنێک و چوار نەبزوێن پێک دێت (وەیس، ١٩٨٣: ٨٣) بۆ نموونە: سوێند.

**١-٧/ پێوەندیی نێوان بڕگە و هێز:**

پێوەندییەکی بەهێز و تەواوکارانە لەنێوان بڕگە و هێزدا هەیە و ناتوانرێت لە یەکتر جیا بکرێنەوە، هەر کاتێک باسی یەکێکیان بکەیت، دەبێت باسی ئەویتریش بکەیت، بە واتای ئەوەی یەکتری تەواو دەکەن و یەکتری

دەناسێنن. ئـەم گرنگـی و بەیەکەوەهاتنەشیان لـە زمانـدا بـۆ ئـەوە دەگەڕێتـەوە کـە بڕگـە هەڵگـری هێـزە و هێـز بەشـێکە لـە بڕگـە لـە زۆربـەی زمانەکانـدا، بـە زمانـی کوردیشـەوە (ئیسـماعیل، ٢٠١٣: ٧٧). لـە زمانـی کوردیـدا، هێـز دەخرێتـە سـەر بڕگـە لـە وشـەدا و لەبڕگەشـدا هێـز دەخرێتـە سـەر دەنگـی بزوێـن (مـارف، ١٩٧٦: ٧١)، دەکرێـت بگوترێـت پێوەندییەکـی نەگۆڕیـش لەنێـوان هێـز و دەنگـی بزوێنـدا هەیـە، بـەوەی هەمیشـە دەنگـی بزوێـن هێـزی دەخرێتـە سـەر.

بـەم جـۆرە هـەر کـە نـاوی بڕگـە بهێنیـن، دەبێـت نـاوی هێزیشـی لەگەڵـدا بهێنیـن. بـۆ نموونـە: دەڵێیـن بڕگـەی هێـزدار، ناڵێیـن وشـەی هێـزدار (وەیـس، ١٩٨٣: ٨٢)؛ واتـە وشـە دابـەش دەبێـت بـۆ سـەر بڕگـە و بەهـۆی بڕگەوە واتـای وشـە دەگۆڕێـت، ئەویـش لـەو کاتـەی کـە شـوێنی هێـز لەسـەر بڕگـەکان دەگۆڕێـت، ئەمـەش فۆنیمیەتـی هێـز دەردەخـات لـە زمانـدا (کانەبـی، ١٩٩٨: ٨٠)، چونکـە مەرجـی سـەرەکیی فۆنیـم، گۆڕینـی واتایـە، بـە گۆڕینی شـوێنی هێزیـش لەسـەر بڕگەیەکەوە بـۆ بڕگەیەکـی تـر لـە زۆر بـاردا واتـای وشـەکە دەگۆڕێـت.

ئەگـەر سـەیری پێناسـەکانی هێـز بکرێـت، دەبینیـن زۆرتریـن ڕێـژەی پێناسـەکان لەسـەر بنەمـای بڕگـە کـراوە، نموونـەی چەنـد پێناسـەیەکی هێـز:

هێـز: وزەیەکـی زیاتـرە دەخرێتـە سـەر یەکێـک لـە بڕگەکانـی وشـە (عەلـی، ٢٠١٥: ٨٧).

هێـز: «پلـەی دەرکەوتنـی بڕگەیـە». (کانەبـی، ١٩٩٨: ٦٤)؛ واتـە ڕێـژەی دەرکەوتنـی ئـەو بڕگەیـە لەنـاو وشـەدا چەنـدە.

هێـز: «ئـەو دەرکەوتنەیـە دەدرێتـە بڕگەیـەک». (کانەبـی، ١٩٩٨: ٦٣)

بۆ نموونە:

پێنووس/ **پێ+ نووس**` هێز لەسەر بڕگەی کۆتایی

سـاڵان/ دوو بڕگـە **سـا+ ڵان**` کۆکـراوەی نـاوی سـاڵ. هێـز لەسـەر بەشـی دووەم

**سا̖+ ڵان** لەڕابردوو، ساڵانی پێشتر. هێز لەسەر بەشی یەکەم

هـەر لەسـەر بنەمـای ئـەو پێوەندییـەی نێوان بڕگە و هێـز، جۆرێـک لـە بڕگـە سـەرهەڵدەدات، ئەویـش «بڕگـەی هێـزدار و بڕگـەی بێهێـز»ە کـە لـە ئەنجامـی ڕێـژەی هێزەکـە، زۆری و کەمیـی هێـزی سـەر بڕگەکـە ناونـراوە.

١-٧-١/ بڕگـەی هێـزدار: ئـەو بڕگەیەیـە لـە ئەنجامـی پلـە و ڕێـژەی هێـزی سـەر بڕگـە سـەری هەڵـداوە و بریتییـە لـە توندتـر و بەهێزتـر گۆکردنـی بڕگـە لەچـاو بڕگەکانـی تـردا. (مـارف،٦ ١٩٧٦: ٦٩) و هێزێکـی زۆرتـر دەخرێتـە سـەری و زیاتـر زەق دەکرێتـەوە و بەدیـار دەکەوێـت. لـەم کاتـەدا دروسـت دەبێـت کـە هـەوای دەرچـووی سـییەکان لـە کاتـی گۆکردنـی دەنـگ و ئاخاوتنـدا، لەبـاری ئاسـایی تـێ پـەڕی، ئـەو کاتـە دەنگـی بەرزتـر دروسـت دەبێـت و بڕگـەی هێـزدار پێـک دێـت (حەسـەن، ١٩٩١: ٨) لـە کاتـی دروسـتبوونی بڕگـەی هێزداریشـدا قسـەکەر فشـارێکی زیاتـر دەخاتـە سـەر خـۆی، چونکـە وزەی ماسـولکەیی و جەسـتەییی زیاتـر بـەکار دەهێنێـت (کانەبـی، ١٩٩٨: ٦٥) و هـەوای زیاتـری پێویسـتە. هـەر بۆیـەش پێـی دەگوترێـت بڕگـەی هێـزدار، چونکـە جـۆرە توندکـردن و بەهێزکردنێکـی تێدایـە.

١-٧-٢/ بڕگـەی بێهێـز: بریتییـە لـەو بڕگەیـەی کـە هێزێکـی کەمـتری دەکەوێتـە سـەر، وەنەبێـت بڵێیـن هیـچ هێزێکـی لەسـەر نییـە، هێـزی لەسـەرە، بـەڵام بـە بـەراورد لەگـەڵ بڕگـەی هێـزدار، زۆر کەمـترە و پێچەوانـەی بڕگـەی هێـزدارە و گۆکردنـی دەنگـەکان لـە بـاری ئاسـاییی خۆیانـدان و فشـار لەسـەر ئەندامانـی ئاخاوتـن ناکرێـت و هەوایەکـی کەمـتری لەگـەڵ سـەرف دەکرێـت. گرژبوونـەوەی ئەندامەکانـی دروسـتکردنی دەنگـی لەگەڵـدا نییـە (وەیـس،٨ ١٩٨٣: ٨٤) و وزەیەکـی کەمـتر بـەکار دێـت و هـەوای دەرچـووی لـە سـیدا، لەبـاری ئاسـاییی خۆیدایـە.

بـۆ نموونـە: چـالاک` دوو بڕگەیـە (چا___بڕگـەی بێهێـز) (لاک___بڕگـەی هێـزدار)، هێـز لەسـەر کۆتـا بڕگەیـە.

**١-٨/ ڕۆڵ و گرنگیی بڕگە لە چەند بوارێکی گرنگدا:**

**١-٨-١/ ڕۆڵ و گرنگیـی بڕگـە لـە لایەنـی فۆنۆلۆژیـی زمانـدا:**

وەکـوو ئاماژەمـان پـێ دا، فۆنۆلـۆژی یەکێکـە لـە ئاسـتەکانی زمـان و بڕگـەش دوا دانـەی ئاسـتی فۆنۆلۆژییـە و گرنگـی و ڕۆڵـی خـۆی هەیـە لـە زمانـدا، لەلایـەن زمانەوانـان

و توێژەرانــەوە لێکۆڵینــەوەی زۆر و بەردەوامــی لەســەر دەکرێــت و ســەرنجی دەخرێتــە ســەر، چونکــە سیســتەمی فۆنۆلــۆژی لەســەر ڕێــک خــراوە (Katamba, 1989: 53). هــەر زمانێکیــش خــاوەن سیســتەمێکی دەنگیــی ڕێکخــراوی تایبــەت بــە خۆیەتــی و پێــی دەناسرێتــەوە و لــە زمانانــی تــر جیــای دەکاتــەوە. لێکۆڵینــەوە لــە هــەر یــەک لــە ئاســتەکانی زمــان لەســەر دانەیــەک بناغــە دەگرێــت و لــە لێکۆڵینــەوەی فۆنەتیــک و فۆنۆلۆژیــدا بڕگــە بــە یەکەیەکــی ســەرەکی دادەنرێــت (Roch, 2002: 76).

قســەپێکەرانی هــەر زمانێــک، خاوەنــی سیســتەمێکی فۆنۆلۆژیــی تایبــەت بــە خۆیانــن و زانیــن و ئاشــنابوون بــەو سیســتەمەش، بەشــێکی دەگەڕێتــەوە بــۆ پێوەندیــی نێــوان فۆنیمەکانــی ئــەو زمانــە و ئەلۆفۆنــەکان (Katamba, 1989: 16)، کــە ئەمانیــش واتــە فۆنیمــەکان لــە چوارچێــوەی بڕگــەدا دەزانرێــن، لــەو کاتــەی کــە لێــک دەدرێــن و کــۆ دەبنــەوە لەگــەڵ یەکتردا، ئــەوا دانــەی گەورەتــر لــە خۆیــان کــە بڕگەیــە پێــک دێــت و لــەو چوارچێوەیــەدا نرخیــان بــۆ دادەنرێــت و فۆنیــم و ئەلۆفۆنــەکان دەناسرێــن.

گرنگیــی بڕگــەش لەوەدایــە، قســەپێکەرانی هــەر زمانێــک بــە ئاســانی هەســت بــە بڕگــە دەکــەن و دەتوانــن نــەک هــەر ژمــارەی بڕگــەی گوتنێــک دیــاری بکــەن، بەڵکــوو لەنــاو خۆشــیاندا لەســەر ژمارەکــە ڕێــک بکــەون (فەتــاح، ٢٠١١: ٧٥) و لێکدانــەوەی جیــاوازی بــۆ نەکــەن و ژمــارەی بڕگەکانــی هــەر وشــەیەک دەستنیشــان بکــەن. ئەگــەر وشــەش دابــەش نەکرێــت بەســەر بڕگــەدا، ئــەوا ســنووری هێزیــش دەرناکــەوێ و ناتوانــرێ دەستنیشــان بکرێــت (وەیــس،١٩٨٣: ٨٢)، چونکــە هێــز دەکەوێتــە ســەر یەکێــک لــە بڕگەکانــی وشــە و بەگوێــرەی شــوێنەکە واتــای وشــەکە دەگۆڕێــت، ئەگــەر وا نەبێــت، لێڵــی لــە واتــای وشــەکەدا دروســت دەبێــت.

بۆنموونە: برایەتی:

برایەتی`/ هێز لەسەر دوا بڕگە، ناوی واتایی برایەتی و تەبایی.

برا`یەتی/ هێز لەسەر بڕگەی یەکەم، (برای ئەوە).

بــە بڕگەکــردن و پارچەکردنــی وشــە بەســەر بڕگــەدا لەژێــر دەســەڵاتی قســەکەردا نییــە، قســەکەر ناتوانێــت بــە ئــارەزوو و ویســتی خــۆی بڵێــت ئــەو وشــەیە ئەوەنــدە بڕگەیــە و یەکێکــی تــر بڵێــت ئەوەنــدە بڕگەیــە، چونکــە دەســتووری دروســتکردنی بڕگــە، تایبەتمەندییەکــە لــە تایبەتمەندییەکانــی زمــان و بــەزۆر گۆڕینــی بینــای بڕگــە، دەبێتــە لەکەیــەک و بــە زەقــی دەبینرێــت (وەیــس، ١٩٨٣: ٦٩). بــۆ نموونــە:

وشــەی «گــوڵ» یــەک بڕگەیــە، «گوڵــدان» دوو بڕگەیــە (گــوڵ+ دان)، «گوڵســتان» ســێ بڕگەیــە (گــو+ ڵــس+ تــان).

ناتوانیــن بڵێــن وشــەی «گــوڵ» دوو بڕگەیــە، «گوڵــدان» یــەک یــان دوو بڕگەیــە، یاخــود «گوڵســتان» دوو بڕگەیــە، چونکــە لەکاتــی درکاندنــدا هەســتی پــێ دەکرێــت و هەڵەکــە دیــار و ئاشــکرا دەبێــت و دەزانیــن لــەچ شــوێنێک هەڵەکــە کــراوە. یاخــود وشــەی «پێنــج»، وشــەیەکی یــەک بڕگەییــە و بــە یــەک هەناســە دەردەچێــت، ئەگــەر بگوترێــت دوو بڕگەیــە، دەبێــت لەنێــوان دەنگەکانــدا وەســتان هەبێــت و بگوترێــت «پــێ نــج»، ئــەوا بــە ڕوونــی هەڵەکــە دیــارە و دەزانرێــت کــە نامۆییەکــی تێدایــە.

هەروەهــا بڕگــە ڕۆڵێکــی گرنگــی هەیــە لــە وەرگرتنــی زمــان لەلایــەن منداڵــەوە، چونکــە منــداڵ لــە ڕێگــەی پرۆســەیەکی نائاگاییــەوە زمــان وەردەگرێــت، لەکاتێکــدا ئــاگاداری یاســا ڕێزمانییەکانــی زمانەکــە نییــە، بەتایبــەت لــە وەرگرتنــی زمانــی یەکەمــدا (رشــید، ٢٠٢١: ١٧)، منــداڵ گوێــی لــە چــی بێــت ئــەوە دووبــارە دەکاتــەوە، ئەویــش ســەرەتا لــە ئاســانەوە دەســت پــێ دەکات و یــەک بڕگــە دەدرکێنێــت. ئــەو وشانەشــی کــە بــۆی دووبــارە دەکەینــەوە زیاتــر، ئەگــەر دوو بڕگــەش بــن، ئــەوا ئــەو دەیانــکات بــە یــەک بڕگــە. لێــرەدا بڕگــە لــە وشــە گرنگــترە، چونکــە بەشــێکە لــە ســەلیقەی قســەکەر و دانەیەکــە هــەر لــە منداڵییــەوە هەســتی پــێ دەکرێــت و ڕۆڵێکــی گرنگــی هەیــە لــە فێربوونــی زمانــدا (حەســەن، ١٩٩١، ٢٠).

بــۆ نموونــە: وشــەی «بابــە» کــە دوو بڕگەیــە، منــداڵ دەیــکات بــە یــەک بڕگــە و دەبێتــە «بــا».

یاخــود وشــەکانی: «دادە/ دایــە» کــە ئەویــش دوو بڕگەیــە و دەیــکات بــە یــەک بڕگــە و دەبێــت بــە «دا».

**١-٨-٢/ ڕۆڵ و گرنگیی برگە لە ئەدەبدا:**

ئـەدەب و هونـەر لایەنێکـی ژیانـی هـەر میللـەت و نەتەوەیەکـی سـەر ڕووی زەویـن و ڕەنگدانـەوەی باردودۆخـی ژیانــن. لــە زۆر بارودۆخــدا، دەبنــە بەڵگــەی مێژوویــی بــۆ ڕووداوەکان و چۆنیەتیــی ژیانــی کۆمەڵێکــی تایبــەت. هونەرمەنـد دێـت بـە شـێوازێکی هونـەری و تایبـەت و جیـاواز لەقسـەی خەڵکانـی ئاسـایی باسـی بۆچونـی خـۆی دەکات و وێنـای کـەس و شـت و ڕووداوەکان دەکات. کـە ئـەم بەهرەیـەش خـودا بەمرۆڤـی دەدات، کـە دەربڕیـن و زمانـی بـەم جـۆرە بێـت. هونـەر و ئەدەبیـش چەنـد بـوار و لایەنێکیـان هەیـە و کـە هـەر بوارێـک خاوەنـی بنەمـا و تایبەتمەندیـی خۆیەتـی و جیـاوازە لەوانـی تـر. ئێمـە لێـرەدا باسـی هونـەری شـیعر (هۆنـراوە) دەکەیـن، چونکـە پێوەنـدی بـە باسـەکەی ئێمـەوە کـە برگەیـە هەیـە. هۆنـراوە لایەنێکـی ئەدەبـە و هـەر لـە کۆنــەوە لــە ئەدەبــی گەلانــدا بوونــی هەبــووە و کەســی هۆنـەر بەشـێوازی هونـەری قسـەکانی خـۆی دادەڕێژێـت؛ واتـە هۆنـراوە هونەرێکـی قسـەیە، کـە لـە داڕشـتنی وشـەکاندا هەسـتێکی تایبــەت بــە گوێگــر دەدات و لــەوە تێــدەگات کـە قسـەیەکی ئاسـایی نییـە. ئـەو تایبەتمەندییـەی کـە ئـەو هونـەرەش لـە هونەرەکانـی تـر جیادەکاتـەوە کێشـە.( بیـمار، ١٩٩٢: ٩٠)

کێـش بنەمــای جیاکــەرەوەی هونــەرە لــە ئەدەبەکانــی تـر و جـۆرە مۆسـیقایەک بەهۆنـراوە دەبەخشـێت و چێژێکـی تایبەتـی هەیـە و گوێگـر زووتـر دەچێتـە مێشـک و بیریـەوە، چونکــە مۆســیقا ســیحرێکی تایبەتــی هەیــە کــە هەمــوو مرۆڤێــک ئــارەزووی دەکات (ســلێوە، ٢٠١١: ٩٢). کێــش ڕەگەزێکــی گرنگــی هۆنراوەیــە و ڕۆڵێکــی دیــار و چالاکــی هەیــە لــە دروســتبوونی مۆســیقای هۆنــراوەدا و بناغــەی هۆنراوەیـە و بریتییـە لەسـەرجەمی ئـەو پێیانـەی کـە دێـڕە هۆنـراوەک دروسـت دەکـەن و لەزمانـی عەرەبیشـدا (تەفعیلـە) ی پێدەڵێن(بیــمار، ١٩٩٢: ١٠).

هەروەهــا کێـش لـە هونـەری هەمـوو زمانێکـدا هەیـە، هەریەکە بەپێـی خاسـیەت و تایبەتمەندیی و لایەنـە زمانییەکانی خـۆی. زۆربـەی زمانەکانـی جیهانیـش بۆدابینکردنـی کێشـی هۆنـراوە سـود لەبڕگـە و سروشـتی برگـە وەردەگرن(حەسـەن، ١٩٩١: ٢٢٢) واتــە بناغــە و بنچینــەی کێــش برگەیــە و کێــش بەســتراوەتەوە بــە برگــەوە. کێشــیش ئەوکاتــە دروســت دەبێـت، کـە دێڕەکانـی هۆنـراوە کـەرت کـەرت دەکرێـن و جیـا دەکرێنــەوە، بــۆ ئــەوەی جــۆری کێشــەکەیان دیــاری بکرێــت. ئــەم کەرتکردنــەش لەســەر بنەمــای ژمــارەی برگەکانــی دێــڕە هۆنراوەکــە جێبەجــێ دەکرێــت و بەپێــی جــۆر و ژمــارەی برگەکانـی چەنـد نموونەیـەک بـۆ کەرتکردنـی هۆنـراوە؛ واتـە کێـش دانـراوە، لێـرەدا برگـە دانەیەکـی فۆنۆلۆژییـە و بەپێـی وتنـەوەی هۆنراوەکـە دەستنیشـان دەکرێـت (وەیـس، ١٩٨٣: ٨٣).

گەلـی کوردیـش هـەر وەکـوو چـۆن لـە زۆربـەی بوارەکانـدا کەوتووەتـە ژێـر کاریگەریـی میللەتانـی دراوسـێوە، بەتایبەتـی عــەرەب، لــە ئەدەبیشــدا بەتایبەتــی لــە شــیعری کلاســیکی کوردیــدا کەوتووەتــە ژێــر کاریگەریــی کێشــی عــەرووزی عەرەبــی و بوونەتــە بنەمــای هۆنــراوەکان و ســەرجەم هۆنراوەکانــی ئەوکاتــە لەســەر کێشــی عــەرووزی عەرەبــی نــووسراون. بنەمـای کێشـی عەرووزیـش برگەیـە، برگـەی کـورت و درێــژ لێــک جیــا کراونەتــەوە.

لەکێشـی عـەرووزی عەرەبیشـدا، هـەر دێڕێـک لـە دوو بـاڵ پێـک دێـت، باڵـی ڕاسـت و باڵـی چـەپ، هـەر باڵـەش لـە چەنـد گرێیـەک (تەفعیلـە) پێـک دێـت (ئەمیـن، ٢٠٠٩: ٢٦٣) و بنەمـای هـەر گرێیەکیـش چەنـد برگەیەکـی کـورت و درێـژە کـە بەپێـی چەندیەتـی و کورتـی و درێژیـی برگەکانیـش جـۆری کێشـەکە دانـراوە. بـۆ نموونـە:

بە سەرسامی لەسەر لووتکەی بڵندی گەنجی وەستاوم
شریتــی عومــری ڕابــردووم وەکــوو خــەو دێتــە بــەر چــاوم
(هــەردی، ١٩٩١: ٥٨)

/بە/سەر/ســا/می/ /لە/ســەر/ /لووت/کــەی/ /ب/ڵــن/دی/ گەن/جــی/ /وەس/تــا/وم/
/ش/ری/تیــی/ /عــوم/ری/ /ڕا/بــر/دوم/ /وە/کــوو/ / خــەو/ /دێ/تــە/ /بەر/چــا/وم/
مــە فـا عیـی لـون مـە فـا عیـی لـون مـە فـا عیـی لـون مـە فـا عیـی لـون (ب ـــ ـــ ـــ )
(هەزەبی هەشت هەنگاوی تەواو)

لەکێشی عەرووزی عەرەبیدا، بڕگەی کورت و درێژ بایەخی زۆریان پێ دراوە و بوونەتە بنەما بۆ جۆری کێشەکان، ئەو بڕگەیەی کە بزوێنەکەی درێژ بووە، بڕگەی درێژە و ئەوەشی کە بزوێنەکەی کورت بووە، بە بڕگەی کورت داندراوە، کە ئەمەش ڕۆڵ و گرنگیی خۆی هەبووە، چونکە بزوێنە درێژەکان مەودای هەناسەدانیان لەگەڵ فرەوانترە و درێژترە لە بزوێنە کورتەکان، ئەمەش وای کردووە، ئەو کێشەی کە بڕگەی درێژی زیاتر بێت، ڕیتمەکەی خاو و لەسەرخۆ تربێت و بەپێچەوانەشەوە ئەو کێشەش کە بڕگەی کورتی زیاتر بێت، ڕیتمەکەی خێراترە، هەر بۆیە دەبینرێت زۆربەی زۆری شیعرە کلاسیکییەکان لەلایەن هونەرمەندانەوە کراون بە گۆرانی، جا گۆرانی شاد یاخود هێمن بێت، هەروەها لە دەستنیشانکردنی کێشەکاندا وێنە بۆ بڕگەی کورت و بڕگەی درێژ داندراوە، ئەویش بەم جۆرەیە: «ب/ بڕگەی کورت، -/ بڕگەی درێژ».


هەروەها لە ئەدەبی کوردیدا کێشی بڕگەیی خۆماڵی، یاخود «کێشی پەنجە» هەبووە، کە کێشێکی ڕەسەن و خۆماڵیی کوردی بووە و بووەتە بنەمای هۆنراوە لای هۆنەرانی کورد. لەم کێشەشدا بڕگە بناغە بووە و هەر بە کێشی بڕگەیی ناسراوە، چونکە لەسەر بنەمای ژمارەی بڕگەکان ناونراوە، بەڵام لە کێشی خۆماڵی (بڕگەیی)دا، کورتی و درێژیی بڕگە ڕەچاو نەکراوە، بەڵکوو تەنیا ژمارەی بڕگەکانی هەر نیوەدێڕێک/ باڵێک گرنگی پێ دراوە. بۆ نموونە:

به ئاسمانەوە ئەستێرەم دیووە
لەباغچەی بەهار گوڵم چنیووە

/بە/ئاس/ما/نە/وە/ /ئەس/تێ/رەم/دی/ووە/
{5+5} ١٠ بڕگەیی
/لە/باغ/چەی/بە/هار/ /گو/ڵم/چ/نی/ووە/
{5+5} (ئەمین، ٢٠٠٩: ٢٦٤- ٢٦٥)

کێشی پەنجە (ژمارە بڕگە) لەسەر بنەمای یەکسانبوونی ژمارەی بڕگەکانی لە نیوەدێڕەکاندا دامەزراوە و لەگەڵ زمانی کوردی زۆر دەگونجێت و بەکێشی خۆماڵی ناودەبرێت (ئیبراهیم، ٢٠١٢: ١١٠)؛ واتە دەبێت ژمارەی بڕگەکان لە هەر نیوەدێڕێکدا وەکوو یەک و یەکسان بن.

بۆ نموونە: ئەگەر نیوەدێڕی یەکەم «١٠» بڕگە بێت، ئەوا دەبێت ژمارەی بڕگەکانی نیوەدێڕی دووەمیش ئەوەندە بێت. دواتریش لە ئەدەبی کوردیدا کێشی ئازاد سەری هەڵداوە، کە بنەمای سەرەکیی ئەویش هەر بڕگە بووە، بەڵام جیاوازییەکەی لەگەڵ کێشی عەرووزی عەرەبی و خۆماڵی ئەوە بووە، کە مەرج نەبووە ژمارەی بڕگەکانی هەموو نیوە دێڕەکان وەکوو یەک بێت، بەڵکوو ئازادییەکی تێدا بووە و هەر نیوەدێڕەی ژمارەی بڕگەکانی جۆرێک بووە، واتە هیچ یاسایەکی دیاریکراو نەبووە بۆ ژمارەی بڕگەکانی هەر نیوە دێڕێک.




**١-٨-٣/ ڕۆڵی بڕگە لەناونانی مرۆڤدا:**

هەر لە سەرەتای ژیانی مرۆڤایەتیدا، مرۆڤ هەوڵی ئاسانکردنی ژیانی داوە و هەوڵی داوە ئاڵۆزییەکانی ژیان کەم بکاتەوە و لە کەرەستە و دەوروبەرەکەی و ڕووداوەکان بگات. ئەو شتانەی کە نایانزانێت، بیانزانێت و دواتر لەیەکتریان جیا بکاتەوە و پۆلێنیان بکات و هۆکاری بوون و چۆنیەتییان بزانێت. جیاکردنەوە و ناساندنی شتەکانیش لەسەر بنەمای ناونان دەبێت و هەر کەرەستەیەک ناوێکی بۆ دادەنرێت، ناونانیش ئەو توانایەیە کە مرۆڤی لە گیانلەبەرانی تری سەر ڕووی زەوی جیا کردووەتەوە (عەزیز، ٢٠٠٨: ٣٨).

خوای گەورە ئەو بیرکردنەوەی بە مرۆڤ بەخشیوە و ئاسانکاری بۆ کردووە، هەر وەکوو لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە: «وعلم الآدم الاسماء كلها». (سورة البقرة، آية ٣١).

لەگەڵ پەیدابوونی زمان، ناونانیش هاتووەتە ئاراوە و بنەمای ناسینەوەی شتەکان بووە و وشەیەک بووەتە هێما بۆ شتێک. لە ڕووی زمانەوانییەوە، ناونان بریتییە لەو کارەی مرۆڤ بە ئارەزوو و ویستی خۆی چەند دەنگێک دەکاتە هێما بۆ شتێک (غولام، ٢٠١٦: ٣٩).

بۆ نموونە: دەنگەکانی «د، ە، ر، گ، ە» بوونەتە هێما بۆ

کەرستەی دەرگە.

ئەوەی پێوەندی بە بابەتەکەی ئێمەوە هەیە و لێرەدا لەسەری دەوەستین و دەمانەوێت زیاتر باسی بکەین، ناوی مرۆڤە، واتە ناونان لە مرۆڤ، ئەویش لەو کاتەی کە مرۆڤێکی تازە لەدایک دەبێت و دێتە ژیان و خێزانەوە، واتە ناوی تایبەتیی مرۆڤەکان. لە زانستی زماندا، بەرانبەر ناوی تایبەتیی مرۆڤ، زاراوەی «ئەنترۆپۆنیم» بەکار دێت کە زاراوەیەکی یۆنانییە و لە هەردوو وشەی «ئەنترۆ-مرۆڤ» و «پۆنۆما-ناو» پێک دێت (غـولام، ٢٠١٦: ٢٨) و بریتییە لەو زانستەی کە ناونانی مرۆڤ بەگشتی دەکۆڵێتەوە و بنەماکانی ناونان باس دەکات و شیيان دەکاتەوە، چونکە مەسەلەی ناو و ناولێنان پێوەندی بە چەند بنەمایەکی وەکوو: کۆمەڵایەتی، زمانەوانی، سیاسی، جوگرافی، مێژوویی و...وە هەیە، هەریەک لەو بنەمایانە ڕۆڵی خۆی لەو بوارەدا دەگێڕێت.

لە زمانی کوردیشدا و لەناو کورددا، بابەتی ناولێنان و ناسناو، سەر بە جۆری بیر و لێکدانەوەی میللی و مێژوویی و بنەمای زمان و دیالێکت و چەشنی هەڵکەوتنی قوڕگ و جیرکردن و گیرکردنی دەم و ددان و زمان و مەڵاشوو و لووتە (زامدار، ٢٠١١: ٧-٨)؛ واتە چۆنیەتیی درکاندنی دەنگەکانی زمانی کوردی و لایەنە فۆنۆلۆجییەکانی زمانە.

ئەو بنەمایەی ناونانی مرۆڤ، کە ئێمە لێرەدا ڕۆشنایی دەخەینە سەر، لایەنی زمانی و فۆنۆلۆجییە، لەناو ئەویشدا بڕگەیە و ئایا جۆر و ژمارەی بڕگە چ ڕۆڵێک دەبینێت لەو بوارەدا و چ کاریگەرییەکی لەسەر ناولێنان و ناوی کەسەکان هەیە؟ هەر وەک ئاماژەمان بەوە دا، بڕگە دانەیەکی گرنگ و بنەڕەتیی فۆنۆلۆجییە و گرنگیی خۆی هەیە لەزماندا. جۆر و ژمارەی بڕگە کاریگەرییان لەسەر ناوەکان بە گشتی و ناوی کەسەکان و مرۆڤ بە تایبەتی هەیە، بەڵام لەناونانی کەرەستە و شتە بێگیانەکاندا، ئەو کاریگەرییەی نییە، چونکە ناونانی شتە بێگیانەکان، بانگکردنی تێدا نییە.

ئەگەر سەیری ناوەکانی زمانی کوردی بکەین، دەبینین زۆر بە کەمی ناوی کەسەکان یەک بڕگەن، بۆ نموونە: ناوەکانی «میر، ژیر، مەرد، زەند، مەند، ڕەنج،...» بەڵکوو بەزۆری ناوەکان دوو بڕگەن و ناوی سێ بڕگەییشمان هەیە، بەڵام زۆرترینی دوو بڕگەییە، بۆ نموونە: ناوی نێر: ئازاد، نەوزاد، هیوا، دانا، توانا، زانا، هانا، چالاک، هونەر، هەردی، سەردار، چۆمان،...

مێ: چنار، بنار، بەیان، خەرمان، پەخشان، شادی، بەهار، کابان، نەرمین، نەسرین، گوڵان،...

ناوی سێ بڕگەیی نێر: شاخەوان، باواجی، ئەرسەلان، باخەوان، ئاوارە،...

مێ: درەخشان، گوڵاڵە، هەڵاڵە، هەناسە، وەنەوشە،...

ئەگەر سەیری ئەو ناوانەش بکەین کە لە زمانانی ترەوە هاتوونەتە ناو زمانی کوردییەوە، بە تایبەت لە زمانی عەرەبی و ناوی ڕەگەزی مێ، ئەوانەی کە «ة»ی ڕەگەزی مێیان پێوەیە و سێ بڕگەن، لەناو قسەکەراندا کراون بە دوو بڕگە و لەگەڵ زمانی کوردیدا گونجێنراون و چوونەتە ناو فەرهەنگی زمانەکە، چونکە بەم جۆرە دەربڕینیان ئاسانترە لەسەر زمان و قورساییان نامێنێ، بۆ نموونە:

| | | |
|---|---|---|
| فاطیمة | سێ بڕگە ← فاتم | دوو بڕگە |
| قەدریە | سێ بڕگە ← قەدری | دوو بڕگە |
| لایەقە | سێ بڕگە ← لایەق | دوو بڕگە |
| نەزیفة | سێ بڕگە ← نەزیف | دوو بڕگە |
| عائیشة | سێ بڕگە ← عەیشێ، ئایشە | دوو بڕگە |

هەروەها ئەگەر سەیر بکەین، دەبینین ئێستە لەناو زمانی کوردیدا ناوی یەک بڕگەیی هەیە، بەڵام بۆ دەربڕین و بانگکردنی کەسەکە، قورسی و گرانییەک لەسەر زمان دروست دەکات و بەزۆری لە کاتی بانگکردندا پێشگر یاخود پاشگرێکی بۆ زیاد دەکرێت، چونکە بەم جۆرە ئاسانترە، نموونەی ئەوانیش، نێر: سان، مەست، جان، یاد، سام، وان، میر، هۆز، ڕۆژ، لاس، ژیر،...

مێ: شاز، ڕاز، ناز، شەن، شەم، سۆز، ساز، ڕۆز، سات،...

ئەم ناوە یەک بڕگەییانە بەزۆری لە کاتی بانگکردندا زیادەیەکیان دەخرێتە سەر، وەکوو: کاکە، خان، ان، ۆکە، ە،... یاخود درێژکردنەوەیەک لەناوەکان دەکرێت و بەرەو لای دوو بڕگەیی دەبردرێن.

بۆ نموونە:

میر←میرۆ، میرۆکە، مییر، کاکە میر، میرە، میران، ....

لاس←لاسۆکە، کاکە لاس، لاسە، لااس....

یاد←یادە، کاکە یاد، یادۆکە، یااد...

ناز←نازخان، نازە، نازەکە، نازەگوڵ، نااز....

ڕاز←ڕازەخان، ڕازە، ڕااز.....

سۆز←سۆزە، سۆزی، سۆزخان، سۆۆز...

هەریەک لەم ناوە یەک بڕگەییانە، ئەگەر لەگەڵ وشەیەکی تر لێک بدرێن و ناوێکی سەربەخۆی دوو بڕگەیی بن، ئەوا هیچ گرفتێک دروست ناکەن لە دەربڕین و بانگکردندا، ئەگەر کەسەکە بە مەبەستێکی تایبەتیی وەکوو ڕێزگرتن، خۆی زیادەیەکیان بخاتە سەر، ئەگینا خۆیان بێ گرفتن.

وەکوو: هەریاد، میران، هۆزان، سەرهۆز، سانا، سامی، سامان، بەناز، نازگوڵ، سۆزان، بەسۆز، ڕۆزی،... هتد، هەروەها ئەو ناوانەشی کە یەک بڕگەن و لەسەر قاڵبی بڕگەی «cvcc»ن، لە دەربڕیندا قورس و گرانن، چونکە لە زمانی کوردیدا ئەم جۆرەی قاڵبی بڕگە، بە بڕگەی گران ناو دەبرێت. (بابان، ٢٠١٥: ٣١)، بۆ نموونە: ڕەنج، مەست، هەست، مەرد، ڕەند، زەند،...

هەریەک لەم ناوانە ئەگەر بەهۆی زیادەیەکەوە بکرێن بە ناوێکی دوو بڕگەیی، ئەوا گرفتیان نابێت.

وەکوو: هەستی، مەستان، ڕەندی، مەردان، ڕەنجدەر،....

ئەگەر سەرنجی ناوە دوو بڕگەییەکانیش لە زمانی کوردیدا بدەین، دەبینین کە زۆرترین ڕێژەی ناوەکان پێک هاتوون لە بڕگەی «cvوcvc»ین، چونکە ئەم دوو جۆرەی قاڵبی بڕگە، بڕگەی پەسەند و بڵاون لە زمانی کوردیدا (حەسەن، ١٩٩١: ١٠٠)، جا بە هەردوو جۆری (cv+cvc / cvc+cv) بن.

| بۆ نموونە: | cvc + cv | cv + cvc |
|---|---|---|
| | تابلۆ | بەهار |
| | ژالیا | شەماڵ |
| | دالیا | شاناز |
| | چالیا | کەژاڵ |
| | میرکۆ | سۆزان |
| | شێرکۆ | باران |

هەروەها بەشێکی تریان بەشێوازی «cvc + cvc» دروست دەبن.

وەک: هاوسەر، سەردار، سەروەر، هەوراز، هاوڕاز، هاوژین، ژەنیار، سەروان، خەرمان، نازدار، پەخشان، پەیمان، نەسرین، بەفرین، ... .

بەشێکی تریشیان بەجۆری«cv + cv» دروست دەبن.

وەک: دانا، زانا، هانا، سانا، دیما، چرا، چیا، لیا، دییە، سیا، گوڵێ، ... .

**ئەنجام:**

لەم توێژینەوەیەدا گەیشتوینەتە چەند ئامانجێک، کە لە چەند خاڵێکدا دەیانخەینە ڕوو، ئەمانیش بریتین لە:

١. هەموو فۆنیمێک دەنگە، بەڵام هەموو دەنگێک فۆنیم نییە. لەم ڕووەوە لە زمانی کوردیدا چەند دەنگێکی کێشەلەسەرمان هەیە، کە بیروڕای جیاوازیان لەسەرە، بەوەی فۆنیمن یاخود نا، یا ئەلۆفۆنی دەنگێکی ترن.

٢. بڕگە بەرهەمی کۆبوونەوەی دەنگە بزوێن و نەبزوێنەکانی زمانە و یەکەیەکی زۆر گرنگە لە زماندا، چونکە لە بڕگە کەمتر گۆ ناکرێت لە فۆنۆلۆژیدا. هەروەها چۆنیەتیی چوونەپاڵیەکتریی دەنگە بزوێن و نەبزوێنەکان بۆ دروستبوونی بڕگە لە هەر زمانێکدا بە جۆرێکە و لەم ڕووەوە هەر زمانێک یاسا و قاڵبی تایبەت بە خۆی هەیە.

٣. لە هەموو زمانێکدا دەنگی بزوێن هەوێن و بناغەی بڕگەیە، چونکە هەرگیز بەبێ دەنگی بزوێن بڕگە دروست نابێت و هەمیشەش دەنگی بزوێن لووتکەی بڕگە دەگرێت.

٤. لە دانانی هۆنراوەدا سوود لە بڕگە وەردەگیرێت و بەهۆی کورتی و درێژی و بڕگەی کراوە و داخراوەوە، مۆسیقا بۆ هۆنراوە دادەنرێت و دەکرێن بە گۆرانی، هەروەها گۆرانی خاو و شاد هەر بەهۆی کورتکردنەوە و درێژکردنەوەی بڕگەکانەوە دەبێت.

٥. ئاسانی و گرانیی ناوی کەسەکان بەهۆی ژمارە و جۆری بڕگەکانەوە دەبێت، ڕێژەی زۆری ناوە

کوردییەکان دوو برگەیین کە بۆ درکاندن ئاسانن و قورسایی لەسەر زمان کەم دەکەنەوە. هەروەها زۆربەی ناوەکانیش لە برگەی «cv و cvc» پێک هاتوون، جا هەردوو جۆرەکە بەیەکەوە بن، یاخود یەک جۆریان دووبارە ببێتەوە لە هەردوو برگەدا. ئەگەر لە دو برگەش زیاتر بن، ئەوا زیاتر هەر ئەم دو برگەیەیان تێدایە.

## سەرچاوەکان:


**القرآن الكريم**

**بە زمانی کوردی:**

ئیبراهیم، محەمەد عەبدولکەریم(٢٠١٢)، پێکهاتەی زمانی شیعری لە روانگەی رەخنەی ئەدەبیی نوێوە، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

ئیسماعیل، هەژار قادر(٢٠١٣)، ڕۆنانی برگە و گۆڕانی سنووری برگە لە شێوەزاری باڵەکییاندا، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

ئەمین، وریا عومەر(٢٠٠٩)، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، بەرگی یەکەم، چاپی دوەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولیر.

بابان، شێرکۆ(٢٠١٥)، بنچینەی دەنگسازی لە ڕێزمانی کوردیدا، چاپی یەکەم، دەزگای گۆڤار بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، زانکۆی سەڵاحەددین هەولێر.

بیمار، عبدالرزاق(١٩٩٢)، کێش و مۆسیقای هەڵبەستی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی دارالحریة، بەغدا.

بەسیر، کامیل حەسەن(٢٠١٣)، بەراوردکارییەک لەنێوان زمانی کوردی و عەرەبیدا، چاپی دووەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.

جەمیل، خەبات هادی(٢٠١٥)، فۆنۆلۆژیی بەرهەمهێنان لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەڵاحەدین، هەولێر.

حاجی مارف، ئەورەحمان(١٩٧٦)، زمانی کوردی لەژێر ڕۆشنایی فۆنەتیکدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاریی کورد، بەغدا.

حاجی مارف، ئەورەحمان(١٩٨٦)، نووسینی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی، لە چاپکراوەکانی ئەمینداریێتی گشتیی ڕۆشنبیری و لاوانی کوردستان.

حاجی مارف، ئەورەحمان(٢٠١٤)، فەرهەنگی زاراوەی زمانناسی، چاپی دووەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

حەسەن، رەحمان ئیسماعیل(١٩٩١)، برگە و ئاسانبوونی برگە لە کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەڵاحەدین.

حەمەئەمین و کەریم، خۆشناو عەزیز و عومەر مەحموود(٢٠١٧)، کورد و پلانسازیی زمان، گۆڤاری زانکۆی کۆیە، ژمارە(٤٢).

حەمەد، دەریا سابیر(٢٠١٦)، کێشە دەنگییەکانی زمانی کوردی لەنێوان ڕێنووس و یاسا فۆنۆلۆژییەکاندا، نامەی ماستەر، زانکۆی ڕاپەڕین.

خۆشناو، نەریمان عەبدوڵڵا(٢٠١٤)، دەنگسازی، چاپی دووەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.

دزەیی، عبدالواحد مشیر محمود(ب.س)، خواستنی فۆنیمە وەرگیراوەکان لە زمانی کوردیدا(لێکۆڵینەوەیەکی فۆنۆلۆجییە).

رشید، حنان صالح (٢٠٢١)، وەرگێڕان لەنێوان توانست و چالاکیی زمانیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی کۆیە.

زامدار، مەحموود(٢٠١١)، گەردانی ناو لە زمانی کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

صلیوە، هاوژین(٢٠١١)، ڕۆنانی وشە هاوواتاکان لە بنیاتنان و جوانکردنی مۆسیقای شیعردا، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە(٩).

علی، طالب حسین(١٩٨٩)، فۆنۆلۆجیی کوردی و دیاردەی ئاسانبوونی فۆنیمەکان لە زاری سلێمانیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەڵاحەدین.

عەلی، تالیب حوسێن(٢٠٠٥)، فەرهەنگی زاراوەکانی دەنگسازی/ ئینگلیزی- عەرەبی- کوردی، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری ئاسۆی پەروەردەیی، ژمارە(٢٨)، هەولێر.

عەلی، تالیب حوسێن(٢٠١٥)، دەنگسازی(چەند بابەتێکی فۆنۆلۆجیی کوردی)، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

عەزیز، ڕێژنە ئیسماعیل(٢٠٠٨)، ناونان و هەست لە زمانی کوردیدا/ لیکۆڵینەوەیەکی زمانەوانیی دەروونییە، نامەی ماستەر، زانکۆی سەڵاحەدین.

عەلی، بەکر عومەر (٢٠٠٥)، فۆنیمی(و)ی درێژ لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە(١٥)، بەشی B.

غولام، هێژا کمال محەمەد(٢٠١٦)، سەنگ و بەهای بیر لە یەکگرتنی ناولێنراو بە ناولێنەوەرەوە لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی.

فتاح، محمد معروف( ٢٠١١)، زمانەوانی، چاپی سێیەم، ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

فوئاد، کەمال(٢٠٠٠)، فۆنیمەکانی زمانی کوردی، چاپی سێیەم، سلێمانی.

کانەبی، رەحمان ئیسماعیل حەسەن(١٩٩٨)، پێرەوی فۆنیمە ناکەرتییەکان لە کوردیدا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی بەغدا.

هەردی، ئەحمەد(١٩٩١)، ڕازی تەنیایی، چاپی سێیەم، چاپەمەنی محەمەدی، سەقز.

وەیس، غازی فاتح(١٩٨٤)، فۆنەتیک، چاپی یەکەم، لە چاپکراوەکانی ئەمیندارییتی گشتیی ڕۆشنبیری و لاوانی ناوچەی کوردستان، بەغدا .

**بە زمانی فارسی:**

روچ، پیتر(٢٠٠٥)، آواشناسی و واج شناسی زبان انگلیسی، مترجم: بهرامی، علی، چاپ اول، چاپخانه حافظ، تهران.

**بە زمانی ئینگلیزی:**

Roach, P. (2002), A Little Encyclopedia of phonetics, Cambridge University press.

Katamba, F (1989), An Introduction to phonology, Longman: London and New York.

**الملخص:**

هـذه الدراسـة موسـومة بـ (المقطـع و مكانـة الأصـوات المتحركـة و الصامتـة في تشـكيل المقطـع). يتمثـل حـدود الدراسـة في إطـار اللهجـة الكرمانجيـة الوسـطى وقـد أُخـذَت الأمثلـة في كل مباحـث الدراسـة مـن أحاديـث اللغـة اليوميـة لمتكلمـي هـذه اللهجـة. وقـد قامـت الدراسـة بتحليـل الأمثلـة و المواضيـع وفـق المنهـج (الوصفـي السـينكروني - التحليـلي). والهـدف مـن الدراسـة تسـليط الضـوء عـلى المقطـع و اهميتـه في نـواحٍ عـدّة في اللغـة، بالإضافـة الى بيـان أهميـة الأصـوات المتحركـة و الصامتـة في تشـكيل المقطـع.

بصـورة عامـة تحـاول هـذه الدراسـة التطـرق الى الحديـث عـن المقطـع وصيـغ تشـكيله في اللغـة الكورديـة بالإمـلاء العـربي و اللاتينـي، وبيـان دور الأصـوات المتحركـة و الصامتـة في صيـغ تشـكيل المقطـع. كـما وجـرى الحديـث عـن دور المقطـع في بنيـة اللغـة و الادب و التسـمية، لاسـيما تسـمية الانسـان لمـا لـه دور في هـذا المجـال، مـع ذكـر أمثلـة وافيـة عنهـا. وفي الختـام عرضنـا لأهـم النتئـاج التـي توصلـت اليهـا الدراسـة.

**الكلمات الدالة:** الفونيم، صوت، متحرک، ساکن، المقطع

## Abstract:

This study is entitled (syllables and the position of vowels and consonants in the formation of syllables). The scope of the study is within the context of the Central Kurdish dialect, and in each section, the examples are taken within the context of everyday conversations of the speakers of this dialect. Examples and topics are explained according to the (synchronous description-analysis) approach. The purpose of this research is to discuss the role and importance of syllables in several aspects of language, as well as the role of vowel and consonant sounds in the formation of syllables.

Generally, this study attempts to discuss the syllables and syllable formation forms in the Kurdish language, in Kurdish orthography in both Arabic and Latin alphabets, and the role of consonants and vowels in syllable formation forms are shown. In addition, the role of syllables in language structure, literature, and naming has been discussed, especially in naming humans with examples to show what role and influence it has in this respect. The results of the study are presented in some points.

Keywords: Phonology, Phoneme, Sound, Vowel, Consonant, Syllable